دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٤٣، دووشەممە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٧ی هەتاوی، ٤ی فێوریەی ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران: نابێ وانە پڕبایەخەکانی کۆمار لە بیر بکەین

دەورەی ٢٣٤ی سەرەتایی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان بەڕێوەچوو

سەردانی پارتی ئازادی کوردستانی باکوور لە دەفتەری نوێنەرایەتی حیزب لە پاریس



بە کردەوە بەرەو ئامانج

٥



بەردەوامیی خەبات لە ڕاسان و هونەردا

٧



مردەوۆژی

٩



لێدوانێک لەسەر سیستمێکی سیاسیی...

١٠

# ٤٠ ساڵ نەهامەتی!



٤٠ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژانەدا تێدەپەڕێ کە کۆمەڵگای ئێران لەگەڵ کۆمەڵێک گۆڕانکاری بنەڕەتی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرەوڕوو بوو؛ ئاڵوگۆڕێک کە نەتەنیا لە قازانجی ئازادیخوازان و گۆڕانخوازان نەشکایەوە بەڵکوو بووە هۆکاری نەهامەتی و چەرمەسەرییەکی ٤٠ ساڵە!

کورتەئاوڕێک لە کارنامە و بیلانی ٤٠ ساڵی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی کە بە کەڵکاژۆوەرگرتنی تاقمێک ئاخوندی هەلپەرەست لە هەستی مەزهەبی و ئێحساسی خەڵک هاتنە سەر کار، دەریدەخات کە نەتەنیا هەوڵەکانی ویلایەتی فەقیهی بۆ سەپاندنی ئایدیۆلۆژیای خۆی سەرکەوتوو نەبووە بەڵکوو بووەتە بەڵگەنامەیەک لەمەڕ مایەپووچی و وەرشکەستەبوونی ئەم ڕێژیمە.

بۆ سەلماندنی ئەم ئیدعایە پێویستە کەڵک لە ئامار و داتای بڕواپێکراو وەربگیرێ کە بەداخەوە بوونی نییە بەڵام پشتبەستن بەخودی ئامارە حکوومەتییەکانیش دەتوانێ ئەم کەتوارە سیاسییەمان بۆ ڕوون بکاتەوە: بەپێی دوایین ئامارەکانی بەردەست، کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤ دەیەی ڕابردوودا لانیکەم ٢٦٣٢٥ کەسی ئێعدام کردووە، لە ڕەوتی شەڕیماڵوێرانکەری نێوان ئێران و عێراقدا لانیکەم ٢٢٥٥٧٠ کەس کوژراون کە ٣٦هەزار کەسیان منداڵان و مێرمنداڵانێک بوون کە ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ کراون و ٥٧٤١٠١ کەس بریندار و کەمئەندام بوون، تەنیا لە نێوان ساڵەکانی ٨٤ تا ٩٧ ، ٢٧٧ هەزار کەس لە ڕووداوی هاتوچۆدا گیانیان لەدەست داوە و ٤ میلیۆن و ٣٠٠ هەزار کەسیش بریندار و کەمئەندام بوون کە بەپێی ڕاپۆرتی بیمەی مرکزی ئێران، لە نێو ١٩٠ وڵاتی جیهاندا ئێران پاش سییرالێئۆن زۆرترین ئاماری مردن لە جاددەکانی هەیە؛ سەرۆکی ئیدارەی سڵامەتی کۆرپەلە سەر بە وەزارەتی بێهداشت لە ٢١ی سەرماوەزی ئەمساڵدا ڕایگەیاند: لەبەرامبەر هەر ١٠٠٠ لەدایکبوون، ٨/٢٧ کۆرپە بەهۆی هەژارییەوە دەمرن کە لە ساڵدا دەکاتە زیاتر لە ١٠ هەزار کۆرپە!

لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا ١٥ هەزار و ٩٩٧ کەس لە ڕووداوەکانی کار گیانیان لە دەستداوە کە بەپێوەری ساڵ دەکاتە هەر ساڵێک زیاتر لە ٢ هەزار کەس؛ وەزیری پێشووی بێهداشت وتوویەتی لە ڕۆژدا ١٠٠ کرێکار بەهۆی ڕووداوەکانی کار کەمئەندام دەبن.

بەوتەی بەرپرسی گرووپی سڵامەتی هەوا تەنیا لە ساڵی ٩٤دا بەهۆی پیسی هەوا ١٢٨٩٧ کەس گیانیان لە دەستداوە؛ ساڵانە ٦٠ هەزار کەس بەوتەی سەرۆکی کۆمەڵەی خەبات لەدژی مەسرەفی دوخانیات، دەمرن، هەرچەند ڕوون نییە کە لە چ ساڵێکەوە ئەم ئامارە دراوە بەڵام ئەگەر لە سالی ٥٧ەوە لەبەرچاوی بگرین دەبێ بڵێین لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا ٢ میلیۆن ٤٠٠ هەزار کەس بەم هۆکارە مردوون.

تەنای لە ماوەی ساڵی ٢٠١٨دا ٣٠٠ کۆڵبەر لە پارێزگاکانی کوردستان و سیستان و بەلوچستان کراونەتە ئامانجی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیم و گیانیان لە دەستداوە یان کەمئەندام کراون.

ئیسنا ئاشکرای کردووە لە ساڵدا ٤٠ هەزار کچی ژێر ١٥ ساڵ بە شوو دەدرێن و زیاتر لە ١٥ هەزار کەسیان تەڵاق وەردەگرن؛ هەمان هەواڵدەریی ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکی ئاشکرا کردووە کە بەپێی ١٧٪ی هاوسەرگیرییەکان لە ئێران بۆ کچانی ژێر ١٨ ساڵ دەگەڕێتەوە و بەم پێیەش ١٤ هەزار بێوەژنی ژێر ١٨ ساڵ لە ئێراندا بوونی هەیە.

لە ساڵی ٥٨دا لە هەر ١٠٠ هەزار کەس لە ئێراندا ٢٣ کەس لە زینداندا بوون کە ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ٩٦ بۆ ٢٨٠ کەس زیادی کردووە؛ هەنووکە ٢٢٥ هەزار زیندانی لە ئێراندا هەن.

ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیس ئاشکرای کردووە: ١٢٪ی خەڵکی تاران لە ژێر هێڵی هەژاری ڕەهادا دەژین؛ پارێزگای بەلووچستان وەک هەژارترین پارێزگای ئێران ناسێندراوە کە بەشێوەی نێونجی ٣٨٪ی دانیشتوانەکەی لەژێر هێڵی هەژاری ڕووتدا دەژین. (ئەم ئامارانە بۆ ساڵی ٩٥ لەبەرچاو گیراوە کە ئەودەم نرخی هەڵاوسان ١٠٪ بووە)

ئێران لە ئاستی جیهانیدا پلەی دووهەمی لە مەسرەف و بەکارهێنانی ماددە سڕکەرەکان هەیە، لانیکەم ٥٠ هەزار مۆعتادت سەر شەقام بوونی هەیە و تا ئێستە نەتوانراوە ڕێژەی ژنانی تووشبوو بە مەواد دیاری بکرێت. بەڵام حکوومەت دەڵێ بەگشتی ٢ میلیۆن و ٨٠٨ هەزار مۆعتادی دایمی بوونی هەیە کە ئەم ئامارە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ٩٠ دەری دەخات ڕێژەی تووشبووان دوو قات زیادی کردووە بەچەشنێک کە ساڵانە ٧٥٠٠ منداڵی مۆعتاد لە دایک دەبن.

لەباری نەخۆشییە دەروونییەکانەوە، دوکتور فەرید فەدایی ئەندامی ئەنجومەنی دەروونناسانی ئێران دەڵێ: ٢٠٪ی کۆمەڵگای ئێران تووشی یەکێک لە نەخۆشییە دەروونییەکان بوون کە ڕێژە و ئاستەکەیان جیاوازە؛ زۆرترین جۆرەکانیش بریتین لە: خەمۆکی، ترس و دڵەڕاوکێ، شەڕئەنگێزی، وەسواس، کێشەکانی خەوتن و زووهەڵچوون.

سەرۆکی ئەنجومەنی خەسارناسی کۆمەڵایەتی ئێرانیش دەڵێ: ئێران یەکێکە لە ١٠ وڵاتی یەکەمی جیهان لەباری خەمۆکی کە هۆکارە سەرەکییەکەشی بریتییە لە دژوارییەکانی ژیان، هەڵاواردنە کۆمەڵایەتییەکان، کەلێنی چینایەتی، شکستە یەک‌لەدوای یەکەکانی ژیان.

قەیرانەکانی ئاو، خۆڵبارین، وشک‌بوونی دەریاچە و کانی و ئاوە ژێرزەوینییەکان بەشێکی دیکەن لەو کارەساتانەی کە ڕۆژانە خەلک لە ئێراندا لەگەڵی بەرەوڕوون و هۆکارە سەرەکییەکەشی بۆ بەڕێوەبەریی ناشارەزایانەی ڕێژیم دەگەڕێتەوە؛ هەنگاوی گاڵتەئامێزی ڕێژیم لێرەدا ئەوەیە کە لەباتی تەرخان کردنی بودجە بۆ چارەسەری ئەم قەیران و کیشە زۆر و زەوەندانە، بودجەی کەڵان بۆ کارگەلێک دیاری دەکات کە هیچ ژانێکی خەڵک کەم ناکاتەوە و تەنیا مەسەلەی برەودان بە ئایدیۆلۆژییەکەی لەبەرچاوە: لە ساڵی ٩٨دا پیشبینی کراوە ١٨٠٤ مەداح بیمە بکرێن کە بۆ هەر کامێکیان ١ میلیۆن و ٩٤٠هەزار و ١٠٠ تمەن دیاری کراوە کە سەرجەم دەکاتە ٣ میلیارد و ٥٠٠ میلیۆن تمەن! بۆ هەر ڕۆژ ١ میلیۆن و ١٩٠ هەزار و ١٠٠ تمەن بودجە دیاری کراوە تاکوو دامەزراوەی ژێئۆ فیزیکی زانکۆی تاران دیاری بکات کەی بانگی بەیانان یان نیوەڕۆ بدرێت! بودجەی دامەزراوەکانی سەرکوتیش بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر زیادیان کردووە بۆنموونە قەرارگای خاتەمولئەنبیا ٣٣٥ میلیارد و ٨٠٠ میلیۆن تمەن پێشنیار کراوە کە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو ٧٦ میلیارد تمەن زیادی کردووە.

لە ئاستی ناوچەییدا وەک دیارە کۆماری ئیسلامی لە چەندین شەڕی ماڵوێرانکەردا دەستی باڵا و سەرەکی هەبووە کە بریتین لە شەڕی سووریە کە بەهۆیەوە تا مارسی ٢٠١٨، ٥١١ هەزار کەس کوژراو، ٦ میلیۆن و ١٠٠ هەزار کەس ئاوارە و ٥ میلیۆن و ٦٠٠ هەزار پەنابەری لێکەوتۆتەوە؛ شەڕی یەمەن ١٠ هەزار کوژراو و ٢ میلیۆن ئاوارە.

لە ئاستی نێونەتەوەییدا و بەنیسبەت پرسی تێرۆریزمەوە جیا لە تێرۆری جیابیرانی کورد و ئێرانی کە زەقترینیان تێرۆرەکانی ڤییەن و بێرلینە، کۆماری ئیسلامی بەشیوەی ڕاستەوخۆ دەستی لە هەندێک تێرۆری دیکەشدا هەبووە کە بەکورت بریتین لە: تەقینەوەی ١٩٨٣ لە بەیرووت، تەقینەوەی ئامیا لە بوینس ئایرێسی ئارژانتین، تەقینەوە لە بورجەکانی خۆبەری عەرەبستان و تەقینەوە لە مەککە لە ساڵی ٦٦ و هەروەها هەندێک کردەوەی تێرۆریستی لە دێهلی، تفلیس، بانکۆک، باکوو، ستۆکهۆڵم و تورکیە کە تێیدا بیانییەکان کرانە ئامانج.

کۆی ئەم ئامار و داتاگەلە ئەو کەتوارەمان پێدەڵێت کە ٤٠ ساڵ زاڵ بوونی نەهامەتی لە ئێران حاشاهەڵنەگرترین بەڵگەنامەیە بۆ مایەپووچی و شکستی ڕێژیم و پێویستیی ڕووخاندنی.

پەیڤ

## چلەی ماتەمین

کەریم پەرویزی

لە هەندێک کەلتووری نەتەوەکاندا، کاتێک کەسێکی ئازیزیان کۆچی دوایی دەکا، تەنیا سێ ڕۆژ بۆی دەگرین و ڕێورەسمی بۆ دەگرن. هەندێ کەلتووریش هەیە، یەک ڕێورەسمی تایبەتی لە ڕۆژی ناشتنی دەگرن و ئیدی ماتەمینی درێژماوەی بۆ ناگرن. لە یەکێک لە وڵاتانی ئامریکای لاتینیش، لە ساڵدا ڕۆژێکیان هەیە بە ناوی ڕۆژی مردووان کە لەو ڕۆژەدا هەموو خەڵک دەچنە گۆڕستان و میوانی و میوانداری لە سەر گۆڕی کەسە ئازیزە لەدەستچووەکەیان دەگرن.

لە ئێراندا، بەتایبەتی لە هەندێ شوێندا ڕێورەسمی تایبەتی بۆ کۆچکردووان زۆرە و لە بەڕێکردن و ناشتنەوە بگرە تا سێ ڕۆژە و تا حەفتە و هەڵواردان و چلە و ساڵانە و ... زۆر شتی تایبەتیی هەیە. کاتێک کۆستی بنەماڵەیەک دەکەوێ، ئەو هەموو ڕێورەسمەی بۆ دەگرن، گەر کۆستی خەڵکی وڵاتیك بکەوێ و نەتەوەکانی ئەو وڵاتە تووشی نەهامەتی ببن دەبێ چ شینگێڕییەکی بۆ بکرێ؟ ئەمە بۆ چل ساڵ دەچی کە کۆستی خەڵکانی نێو وڵاتی بەڵاڵێدراوی ئێران کەوتووە و هەموو ساڵێک لە زستاندا ئەو کۆستە تازە دەبێتەوە و برینەکان دەکولێنەوەو خوێنیان لێ دەچۆڕێ.

هەموو ساڵێک لە ڕۆژی هاتنەوەی وەیشوومەدا، ڕێژیمی دەسەڵاتدار، جەژنی سەرکەوتنی بەسەر ئازادیدا دەگرێ و لە دەوری گۆڕی ئازادی کۆدەبێتەوە و میوانداری دەدا، لە هەمان دەمدا خەڵکانی ئێران و نەتەوە بەشخوراوەکانی ئێرانیش بە دزییەوە و لە ماڵەوە شین دەگێڕن لە دەوری هێما و خولیای ئازادیدا کە چل ساڵە لێیان دزراوە و لە گۆڕ نراوە. ڕێژیمی ئیسلامیی حاکم لە تاران ڕەنگە خۆیان بۆ ئەو هەموو تاوان و دڕندەییە کە لە پێناوی مانەوەیاندا ئەنجامیاندا ئامادە نەکردبوو و هەر وەک وەیشوومەی هێنراوە لە ئورووپاوە وتی، لە ڕێژیمەکەیاندا کومۆنیستەکان و بێدینانیش ئازاد دەبن! بەڵام کە چوونە سەر تەختی دەسەڵاتداری و کەلتووری دواکەوتووی خەڵکیان بینی کە چۆناوچۆن پێشوازییان لێ دەکا، ئیدی تەماحی دەسەڵاتی هەتاهەتایی گرتنی و کاتێک خەڵک وێنەی وەیشوومەیان لە نێو مانگدا دەدی، ئەو لەبیری ئەوەدا بوو کە مانگیان لێ بدزێ. چل ساڵە خەڵک بە دەوری گۆڕی ئازادیی لە گۆڕنراودا شین دەگێڕن، ڕێژیمیش شایی؛ بەڵام ئیدی لەم کەلتوورەی نێو ئێراندا تێپەڕینی چلە، کۆتایی دەورانێکە و دەسپێکی دەورانی دیکە. ئێستە ئیدی چلەی تێدەپەڕێ و

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# بەڕێوەچوونی سمیناری «کۆماری کوردستان سەرچاوەی ئیلهام بۆ بنیاتنانی داهاتوو»



ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بەرەبەری دووی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان سمینارێکی تایبەتی بەم بۆنەوە لەژێر ناوی "کۆماری کوردستان سەرچاوەی ئیلهام بۆ بنیاتنانی داهاتوو" لە دوو پانێلدا بەڕێوەبرد.

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی یەکشەممە، ٣٠ی بەفرانبار لە شاری هەولێر و بەبەشداریی نوێنەرانی کۆمەڵێک لە حیزبە سیاسییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و میدیاکار بەڕێوەچوو، سەرەتا کورتەفیلمێک لەسەر چۆنیەتیی دامەزرانی کۆماری کوردستان پیشان درا. دواتر پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٧٣ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانی خوێندرایەوە.

لە پانێلیی یەکەمی سمینارەکەدا سەرەتا حوسێن نازدار، ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسێکی پێشکەش کرد لە ژێر ناوی: "دێموکراسی و مافی شارۆمەندی لە کۆماری کوردستاندا."

حوسێن نازدار قسەکانی بەوە دەست پێکرد کە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان نوختەگۆڕانێکی گرینگە لە مێژووی خەباتی کورددا و کورد بە پێکهێنانی کۆمار بەرگریی لە سەروەریی نیشتمانیی خۆی کرد. کۆماری کوردستان بەرهەمی ئیرادە و ویستی نەتەوەی کورد بوو، ئی هەموو کورد و بۆ هەموو کوردستان بوو، بۆیە ئێستاش ڕەمزی یەکیەتی و یەکبوونی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

ئەندامی ناوەندی سیاسیی حدکا لە درێژەی باسەکەیدا، ئاماژەی بە دیمۆکراسی و مافی شارۆمەندی لە یەکەم کیانی کوردی لە شکڵی کۆماری دا و ڕۆڵی پێشوا و بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستانی لە پەرەپێدانی ئەو بیر و ئەندێشە مودێرنانە بەرز نرخاند.

لەو پێوەندییەدا یاسا و بنەما دیمۆکراتیەکانی کۆماری کوردستان وەک نەبوونی زیندانی سیاسی، مافی کەمینەکان، ڕێزدانان بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەک لاوان و ژنان و ..وەک ئەزموونی پرشنگدار وسەرکەوتوو لە مافە دیمۆکراتی و شارۆمەندییەکان زانی و لە هەمانکاتدا دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستانی بە وانە و ئەزمونێک ،بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو زانی و ڕایگەیاند ئەو فەزای کە کۆماری کوردستانی تێدا خوڵقا زیاتر لە ٩٥٪ ی کۆمەڵگا نەخوێندوار بوون، بەڵام سیستمی حکومرانی کۆمار و بەهاکانی وەک دیمۆکراسی، مافی مرۆڤ و مافی ژن و ... ئێستاش هژموونی زاڵن لە هەموو جیهاندا و باسی لەوەکرد کە هەموو کار و بەرنامەی کۆمار بۆ دوو ئامانج بوو. دابینکردنی مافی ڕەوای نەتەوایەتی و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی کۆمەڵانی خەڵک. پێشەوای کورد و کۆمار پێی وابوو کە خەڵک مافی خۆیانە دێموکراسی و نێعمەتی سەربەستی و ڕزگارییان هەبێ و هەوڵ درا لە ڕێگای پێکهێنانی دەزگا و دامەزراوەی تایبەتی خەڵک وشیار بکرێنەوە تا هەم مافەکانی خۆیان بناسن و هەم دەسکەوتەکانی کۆمار بپارێزن.

شایانی باسە کە جیا لە بەشداریی نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی ئەندام لە ڕێکخراو و پیشکەش کردنی بابەت و وتارەکانیان، کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش بە بەشداریی و پێشکەشکردنی چەپکەگوڵ بە بەڕێوەبەرانی کۆڕیادەکە، ڕێزیان لە هاتنەوە دووی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان گرت.

# تاوتوێی چەند پرسێکی ڕۆژەڤی کوردستان لە کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا



نوێنەری حیزبەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەیەکدا چەند پرس و ئەگەرێکی بەردەم بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێرانیان خستە بەرباس.

ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ١٤ی ڕێبەندانی ١٣٩٧ی هەتاوی، یازدەهەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە میوانداریی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هات و لەو کۆبوونەوەیەدا لەسەر چەند بابەت و بەرنامەی کاریی ناوەند، ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا و بڕیاریان بۆ درا.

لەو کۆبوونەوەیەدا دواگۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئێران و کوردستان، هاوکێشە ناوچەییەکان و کاریگەرییان لەسەر ئێران و ئەگەرەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد هاتنە بەرباس و وێڕای لێکدانەوەی بارودۆخی هەستیاری ئێستا و سیناریۆ نارۆونەکان، پێداگری لەسەر پێویستیی یەکڕیزی و یەکگوتاریی زیاتری هێزە سیاسییەکانی کوردستان کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆبوونەوەکەدا پڕەنسیپەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کورستانی ئێران بۆ "هاوکاری (تعامل) لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و ڕوانین لە سیستمی سیاسیی داهاتووی ئێران" پەسند کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆبوونەوکەدا باسی کۆڕبەندی وەرشۆ (لەهێستان) بۆ باس لەسەر ئەمنییەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە ناسەقامگیریی ئاشتی و هێمنیی جیهان کرا.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە پێداگری لەسەر گرینگیی ئەم کۆبوونەوە نێودەوڵەتییە ڕای وابوو کە پێویستە سەرنجی بەشدارانی کۆبوونەوەکە بۆ لای پرسی کورد و نەتەوەکانی دی لە ئێران، سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بۆ ئاسمیلاسیۆنی کورد، سەپاندنی شەڕ و میلیتاریزەکردنی کوردستان، حاشاکردن و سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و چوار دەیە پاشخستنی کوردستان لە ڕووی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئێران و هەروەها ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە ناسەقامگیرکردنی ناوچە، دەستێوردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان، پشتیوانییان لە تێرۆریزمی نێودەوڵەتی و بەرنامەی مووشەکیی ڕێژیم بۆ پەرەپێدانی نائەمنی و ناسەقامگیری لە دنیادا ڕابکێشین. بۆ ئەو مەبەستەش ناوەندی هاوکاری لەسەر کۆمەڵە بەرنامە و پێشنیارێک ساغ بوویەوە.

لەو کۆبوونەوەیەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کۆردستانی ئێراندا دوای هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی هەمەلایەنە بڕیار لەسەر چەند بەرنامەیەکی کاریی دیکەی ناوەند، لە پێوەندی لەگەڵ پرسە ڕۆژەڤەکانی دیکەی کوردستان و ئێران درا.

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران: نابێ وانە پڕبایەخەکانی کۆمار لە بیر بکەین

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

بەبۆنەی هاتنی ٢ی ڕێبەندان جێژنی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و تێیدا جەختی لەسەر پێویستی یەکڕیزی، تەبایی، یەکیەتی و هاوهەڵوێستیی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان کردەوە. دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

(کۆماری کوردستان، لاپەڕەیەک لە مێژوو و چرایەک بۆ داهاتوو)

هاونیشتمانییان و خەڵکی خەباتکاری کوردستان!

حیزب و لایەنە سیاسییەکان

لە ڕۆژی مێژوویی ٢ی ڕێبەندان، ڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان دایین. کۆماری کوردستان وەک یەکەم کیانی سیاسیی کورد لە فۆڕمی کۆماریدا جێگەیەکی تایبەتیی لە مێژووی نەتەوەکەماندا هەیە، ڕووداوێک و مێژوویەک کە لە کاتی خۆیدا بووە ڕەمزی یەکیەتی و یەکبوونی نەتەوەی کورد و ئێستاش دوای ٧٣ ساڵ تێپەڕینی کات، نەک نەبووەتە بیرەوەری؛ بگرە هەروا نوێنگەی یەکیەتیی نەتەوەکەمانە.

ئەو بنچینە سەرەکییەی کۆماری کوردستانی لەسەر دامەزرا، کوردستانیبوون و شوناسخوازیی کورد بە باوەڕهەبوونی بە دێموکراسی بوو، گوتارێکی پێشکەوتخوازانە کە لەو سەردەمدا چەند قەڵەمبازێک لە پێشەوەی نیزامە سیاسییەکانی دەوروبەری خۆی بوو. بنچینە و باوەڕێک کە دوای حەوت دەیە ئێستاش هەم هەوێنی یەکبوونی کورد و هێزە سیاسییەکانی و، هەم ئازادی و دێموکراسی و دابینکردنی مافە ئینسانی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان وەک گوتاری کۆمار، داوای هاوبەشی هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. کۆماری کوردستان بزووتنەوەیەکی سەردەمیانە لە کاتی خۆیدا و دەسکەوتێکی نەتەوەییە بۆ ئێستاش و، ئەزموونێکی بەنرخیشە بۆ پرسی کورد و؛ لە هەمانکاتدا میراتی مێژوویەکی هاوبەشە بۆ دەوڵەتداریی کوردی.

تەمەنی کورتخایەنی کەمتر لە ساڵێک، بەڵام کار و کارنامەیەکی درەوشاوە لە خزمەتکردنی خەڵک و سیاسەت و ڕوانگەی کۆمار بۆ دەسەڵات و داهاتووی وڵات هێندە پڕ و پڕبایەخە کە ئێستاش بە هیوای دووبارە بنیاتنانەوە و وەدیهێنانەوەی کیانێکی سیاسیی لەو چەشنە بین. ئەزموونی دەسەڵاتدارەتی و ئیداری لەو کۆمارە ساوایەدا، بۆ هەر دەسەڵاتێکی دێموکراتیک لە سەردەمی ئێستاشدا، دەتوانێ جێگای لێ فێربوون بێ. ڕێزگرتن لە جیاوازیی نەتەوەیی، زمانی و ئایینی و پێکەوەژیانیان لە سەر بناغەی ڕێزگرتن لە یەکتر، باوەڕ بە ئازادیی بیروڕادەربڕین، گرینگیدان بە بووژاندنەوەی کولتور و هونەر و ئەدەبیاتی نەتەوەیی، خوێندنی بە خۆڕایی، هاندانی کچان بۆ خوێندن و بە ڕەسمی ناسین و جیبەجێکردنی خوێندن بە زمانی دایک نەک هەر بۆ مندالانی کورد بەڵکوو بۆ کەمایەتییە زمانییەکانی دیکە، برەوپێدانی گیانی وێکهەڵکردن لە نێوان دانیشتوانی شار و گوند و چین و توێژە جۆراوجۆرەکان و بە هێزکردنی کولتووری پاڵۆێکدان لە پێناو بەرژەوەندیی نەتەوەیی، پێشوازی و باوەشکردنەوە بۆ ڕۆڵە دڵسۆزەکانی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە و بوار ڕەخساندن بۆ خزمەتکردنیان بەو کۆمارە، گرتنەبەری ڕێگای دیالۆگ و لێکتێگەیشتن لەگەڵ حکومەتی میللیی ئازەربایجان و ئازەرییەکان و پێشنیاری هاوکاری و هاوپەیمانەتی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ دوژمنی هاوبەش، لە ئەزموونە بە نرخەکانی ئەو دەسەڵاتە کوردییەن. ئەم کۆمارە بە هەڵکردنو ڕەسمیەتدان بە ئالای کوردستان و داهێنانی سروودی نەتەوەیی و چەمکی پێشمەرگە، کۆمەڵێک بۆشایی لە گیان و هزری نەتەوەیی و لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا پڕ کردەوە.

بەڵام ئەزموونەکانی کۆماری کوردستان لە شوێنی دیکەش هەم جێی تێڕامانن و هەم لێ فێربوون. هەوڵدان بۆ یەکبوون و تەبایی، ڕێزگرتن لە فرەیی و جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگە و دەستنانە نێو دەستی یەکتر بۆ سەرخستنی پرۆسەی نەتەوەیی وانەگەلێکن کە ئێستاش دەبێ ڕێنیشاندەر و لەبەرچاومان بن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە چاوی بایەخەوە لە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان و ئەم واقعە گرینگە مێژووییە دەڕوانێ و پێی وایە کە پێویستە بێ لەبەرچاوگرتنی سنوورە فیکری و سیاسییەکان و بێ سەرنجدان بە جیاوازییە ئایینی، زاراوەیی و جۆغرافییەکان، لە دەوری فەلسەفەی پێکهاتنی کۆماری کوردستان و ئامانجەکانی کۆ ببینەوە. خەڵکی کوردستان مافی ڕەوای خۆیانە کە لە سەرخاکی خۆیان و لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیک و فیدراڵدا، مافی چارەنووسی خۆیان بگرنە دەست. ڕوون و ئاشکراشە کە باوەڕ بەو مافە هەموو لایەکمان ئەرکدار دەکا گیانی یەکگرتوویی و هاوپێوەندی لە نێوخۆماندا چ وەک تاکەکانی کۆمەڵ و چ وەک هێز و لایەنە سیاسییەکان، هەر چی زیاتر بەهێزتر بکەین.

کۆماری ئیسلامیی ئێران، دوژمنی هاوبەش و دەسەڵاتی نگریسی زاڵ بەسەر ئێران لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا لەگەڵ هەموو حاشاکردنێکی لە مافە سیاسی و نەتەوەیی و مەدەنییەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران و، سەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستان و هەروەها زاڵکردنی کەشی سەرکوت و تۆقاندن؛ لەوەش خافڵ نەبووە هەتا بە چاندنی تۆوی دووبەرەکی و ناکۆکی پێش بە یەکڕیزی و یەکیەتیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانیان بگرێ. وە لە ئێستاشدا کە ئەم ڕێژیمە چ لە ئاستی هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان و، چ لە ئاستی نێوخۆییدا بەرەوڕووی تەنگژە و قەیرانی قووڵ بووەتەوە؛ هەنگاوەکان لە پێناو یەکڕیزی و یەکخستنی پۆتانسیەلی خەباتکاری و شۆڕشگێریمان دەبێ توندتر و خێراتر بن.

لەمڕۆدا کە نارەزایەتییەکان لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و لە هەموو ڕەهەندەکاندا لە تەقینەوە و کلپەسەندن دان، لە بارودۆخێکدا کە ئیدی هیچ کاربەدەستێکی ورد و درشتی ڕێژیمیش حاشا لەوە ناکەن هەموو زەرفییەتە نێوخۆییەکانی نیزامی سیاسی هەڵچۆڕاوە و نە ڕیفۆرمی حکومەتی و نە ناتوانن چیدی دادی ئەم ڕێژیمە بدەن؛ لەوەها بارودۆخێکدا هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەبێ بە گوتار و کردەوەی شوناسخوازی و یەکبوون گۆڕانکارییەکان و مافویستیی کۆمەڵانی کوردستان مودیرییەت بکەن.

بزووتنەوەی کورد لە ئێران کە پاشخانێکی دەوڵەمەندی وەک کۆماری کوردستانی هەیە، بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازە و ڕچەشکێنی خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم ڕێژیمە سەرەڕۆیە بووە و ڕۆڵی سەرەکیشی دەبێ لە داهاتووی گۆڕانکارییەکان لە کوردستان و ئێراندا. بۆیە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێی وایە بۆ ئەرکی سەرەکیمان کە سەرخستنی جوولانەوەی مافخوازیمان و چێکردنی داهاتوویەکی گەش و پڕهیوایە، دەبێ بۆ وانە پڕبایەخەکانی کۆماری کوردستان بگەڕێینەوە کە بریتین لە: پێویستیی یەکیەتی، یەکڕیزی و هاوهەڵوێستیی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان و بەهێزکردنی سەنگەری هاوبەشی خەبات لەنێوان حیزبەکان و کۆمەڵانی خەڵک.

سڵاو لە گیانی پاکی پێشەوا قازی محەممەد و دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان!

**سلاو لە ئامانجە بەرز و**
**ئینسانییەکانی کۆماری کوردستان !**
**سەرکەوێ خەباتی نەتەوەیی ڕەوا و**
**پڕ شانازیی گەلی کورد لە ئێران!**
**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی**
**کوردستانی ئێران**

# سێمینارێکی تایبەت بە کۆماری کوردستان لە شاخە سەرکەشەکانی کوردستان بەڕێوەچوو



سێمینارێکی تایبەت بە ڕەهەندە جیاجیاکانی کۆماری کوردستان لە لایەن پێشمەرگەکانی هێزەکانی ١١٥ و ١٢٢ی هێزی پێشمەرگە لە شاخەکانی کوردستان بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە، ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٧ی هەتاوی، سێمینارێکی تایبەت بە کۆماری کوردستان لە شاخەکانی کوردستان و بە بەشداریی جێگری فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەروەها فەرماندە و پێشمەرگەکانی هێزەکانی ١١٥ و ١٢٢ بەڕێوەچوو.

ئەم سێمینارە بە ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان و بەتایبەت ڕێبەرانی کۆماری کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان سدیق دەرویشی، جێگری دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە دەسپێکی سێمینارەکەدا، کورتەباسێکی سەبارەت بە کۆماری کوردستان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

سێمیناری کۆمار لە چوار تەوەری سەرەکی پێکهاتبوو کە لە لایەن پێشمەرگەکانی هێزەکانی ١١٥ و ١٢٢وە بەڕێوەچوون کە بریتی بوون لە:

هەلومەرجی سیاسیی کوردستان و جیهان لەو سەردەمەدا لە لایەن هاوڕێی پێشمەرگە "شەهلا کاوە" ، بنەماکانی حوکمڕانی کۆماری کوردستان لەلایەن هاوڕێ "پێشەوا ساڵحی"، کەسایەتیی پێشەوا قازی لە لایەن هاوڕێی پێشمەرگە "ئەڤین حەکیم پوور" و هەروەها میراتی کۆمار پاش ٧٣ ساڵ لە لایەن "واحید خەلیفانییەوە" پێشکەش کرا.

لەم سێمینارەدا بە گشتی ئاماژە بە بابەتەکانی خوارەوە کرا:

لایەنە جیاجیاکانی کەسایەتیی هەڵکەوتووی پێشەوا، پەرەپێدانی زمان، فەرهەنگ و ڕۆشنبیری، پاراستنی مافی کەمینە ئێتنیکی و ئایینزاکان، پێشکەوتنخوازی و نیشتماندۆستی، یاسامەندیی حکوومەتی کوردی لە مەهاباد، پێڕەو کردنی ڕێبازی ناسیۆنالیستی، شیکردنەوەی هەندێ لایەنی تیۆری لەبارەی حکوومەتی دێموکراتیک و خەڵکی، دادپەروەری و هەروەها چەندین بابەتی دیکەی پێوەندیدار بە کۆماری پڕشکۆی کوردستان.

# دەورەی ٢٣٤ی سەرەتایی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان بەڕێوەچوو




جێژنی کۆتاییهاتنی دەورەی ٢٣٤ی سەرەتایی پێشمەرگە لە شاخە سەرکەشەکانی کوردستان بەڕێوەچوو.

ڕۆژی هەینی، ٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٧ی هەتاوی، دەورەی ٢٣٤ی سەرەتایی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان کۆتایی پێهات و پۆلێک لە لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان پەیوەست بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و هەروەها ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان "قاسم کەڵەشی"، ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتەکانی خۆی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و تێیدا وێڕای پیرۆزبایی کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی ئەم دەورە ئاوڕێکی لە بارودۆخی سیاسی کوردستان و ئێران دایەوە و ئاماژەی بەوە کرد کە هۆکاری دڕندەییە بێبەزەییانەکانی ڕێژیم لە چەند ساڵی ڕابردوودا تەنگەتاوبوونی لە ئەنجامی گوشارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانە.

دواتر سروودێک لە ژێر ناوی "کوردم"، هۆنراوەی بێهزاد قادری بەشداربووی دەورەی ٢٣٤ی سەرەتایی پێشمەرگە لە لایەن بەشداربووانی دەورەکەوە پێشکەش کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، ڕاپۆرتی پەروەردەیی دەورەی ٢٣٤ی سەرەتایی پێشمەرگە لە لایەن "بداغ بداغی" بە نوێنەرایەتی فێرگە خوێندرایەوە.

پاشان پەیامی دەورەی سەرەتایی لە لایەن هاوڕێ "لەیلا دڵپەسەند" پێشکەش کرا.

هەروەها لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا، بە سەر کەسانی یەکەم تا سێهەم لە بواری تاقیکارییە سیاسی و نیزامییەکان و نەزم و دیسیپلیندا، خەڵاتگەلێک دابەش کرا.

لە نێواخنی ڕێوڕەسمەکەدا چەندین شێعر و گۆرانی پێشکەشی ئامادەبووان کرا.

ئەم ڕێوڕەسمە بە ئەنجامدانی چەند نمایشێکی نیزامی لە لایەن بەشداربووانی دەورەوە کۆتایی پێهات.

# دەزگای ڕێکخستنی گشتی حیزب سپاسنامەیەکی بڵاو کردەوە

دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی تێکۆشان و هەوڵی بێوچانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەبردنی ئەرکە پێئەسپێردراوەکان لە ماوەی ڕابردوودا و هەرچی بەشکۆتر بەڕێوەچوونی جێژنی دووی ڕێبەندان، سپاسنامەیەکی تایبەتی ڕوو لە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب بڵاو کردەوە.

دەقی سپاسنامەکە بەم چەشنەیە:

هاوڕێیانی ئەندام، لایەنگر و دۆستانی خەباتکاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە ئەمەکداری و وەفا و ڕێزەوە دەڕوانێتە چالاکی و تێکۆشانی بێدرێغ وماندوویی نەناسانەتان.

بێگومان، چالاکییەکانتان هێما و نیشانی بوونی بەهێز و توانای حیزبە خۆشەویستەکەتانە لە گۆڕەپانی خەباتی ڕزگاریی نەتەوەکەمان و لە جەرگەی نیشتماندا و لەدڵ و دەروونی خەڵکی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

نەوەستان و بزووتنی ڕووبارئاسا و ڕوولەگەشە و پشکووتنتان هەوێنی ئومێدە لە باوەڕی گەلدا و خورپە و ترس و تۆقانە لە هەناوی دوژمنی داگیرکەری ماف و ئازادییەکانماندا.

ئێوە، بەدەم ڕێنوێنی و بانگەوازی حیزبەکەتانەوە بە ڕاپەڕاندنی ئەرک و ئەسپاردەکانتان، بێ ترس و سڵکردنەوە لە سامی سپای زۆرداری حکوومەتی تاران، بوونەتە تین و گوڕ و هیوا و ئەوینی خەڵکی کوردستان بە خەبات و خۆڕاگری و سوور و شێلگیریی حیزبەکەتان لە نەسرەوتن تا سەرکەوتن.

سیمای دیاری کار و تێکۆشانتان بەڕوخساری شار و شەقام وگوند و پێدەشت و شاخەوە بوونەتە بەرگی ڕازاوەی باڵای ڕۆژهەڵاتی وڵات و میداڵی شانازی بە بەرۆکی حیزبەکەتانەوە.

لە سەرماوەز و یەڵدادا و لە٢ی ڕێبەندانی شکۆی ڕۆژژمێری کوردستاندا هێند دلێرانە سەرتان هەڵبڕی کە ڕۆژهەڵات گەردنی هەڵێنا و دایکی نیشتمان بزەی کەوتە سەرلێوان.

شانازیتان پێوەدەکەین، هەر ئێوەن نرکە و ڕاپەڕی خەباتی شاخ، ئێوەن بزوێنەر و داینەمۆی ڕاسانی شار.

دەستتان دەگوشین کە دەستبەری ئازادیی گەل و ڕزگاریی نیشتمان دەکەن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**
**٤ی ڕێبەندانی ١٣٩٧**

# ڕوونکردنەوەی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ رای گشتی

فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی بۆ رای گشتی بڵاو کردەوە.

دەقی ئەم ڕوونکردنەوەیە بەم چەشنەیە:

ڕوونکردنەوەیەک بۆ رای گشتی

ماوەیەکە لە هەندێک ماڵپەر و پەیج لە تۆرەکۆمەڵایەتیەکان باس لەوە دەکرێ کە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچە سنوورییەکان، بە تایبەتی لە ناوچەی سمێڵان، زەرەر و زیان بە ژینگەی ناوچەکە دەگەیەنن.

ئەوەندەی پەیوەندی بە ئێمە لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە هەبێ، سەرلەبەری ئەو جۆرە هەواڵانە بە بێ بنەما و بەدوور لە هەر پرەنسیپێکی ڕۆژنامەوانی دەزانین و لەسۆنگەی هەست بە بەرپرسیارەتیمان بەرامبەر بە خەڵک و خاکی ئەو ناوچانەی کە هێزی پێشمەرگەی ئێمەی لێ نیشتەجێیە و بە شایەتی دانیشتوان و شایەتحاڵانی دەڤەرەکە زیاتر لە هەرکەس و لایەنێک، پاراستنی ژینگە و ڕێزگرتن لەو هاونیشتمانیانە بە ئەرکی سەرەکی خۆمان دەزانین.

لەو پێوەندییەدا داواکارین لە هەر ڕۆژنامەنوس و لایەنێک پێش بڵاوکردنەوەی هەواڵی چەواشەی لەو چەشنە بەدواداچوونی ورد و دەقیق لەو بارەوە بکا و زانیاری دروست بە خوێنەران و بیسەرانی بگەیەنێ.

فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان
١٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٧ی هەتاوی

# ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی میر تەحسین بەگ



ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی کۆچی دوایی میر تەحسین بەگ، میری پێڕەوانی ئایینی ئێزدی، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

ڕاگەیەندراوی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بە بۆنەی کۆچی دوایی میر تەحسین بەگ، میری پێڕەوانی ئایینی ئێزدی

وێڕای دەربڕینی داخ و کەسەری خۆمان بۆ لە دەستچوونی ئەم کەسایەتییە ناسراوە، سەرەخۆشی لە پێڕەوانی ئایینی ئێزدی بەگشتی، بنەماڵەی بەڕێزی، خزم و نزیکانی بە تایبەتی دەکەین و خۆمان لەو خەمەدا بە هاوبەشیان دەزانین.

میر تەحسین بەگ، کەسایەتێکی ئایینی و کوردپەروەر بوو کە تەمەنی خۆی لەپێناو ڕێنمایی کردنی خوشک و برا ئێزدییەکانمان تێپەڕ کرد و لە هەمان کاتدا کەسایەتێکی نیشتمانی و کوردپەروەر بوو کە لە ڕەوتی بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستاندا دەورێکی بەرچاوی گێڕا، بە تایبەت لە کاتی قەڵاچۆکرانی ئێزدیەکان لە شەنگال هاواری مەزلوومیەتی پێڕەوانی ئەو ئایینە بوو و لەو بارەوە دەورێکی کاریگەری گێڕا. بێگومان لە دەست چوونی ئەو کەسایەتیە بۆ هەموو لایەک خەسارێکی گەورەیە.

ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای سەرەخۆشی دەربڕینی خۆی سەبووری بۆ هەموو خەمهەڵگرتووانی کۆچی دوایی ئەو گەورە کەسایەتیە بە ئاوات دەخوازێ.

**ڕۆحی شاد بێ**
**ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٨ی ڕێبەندانی ١٣٩٧ی هەتاوی**
**٢٨ی ژانویەی ٢٠١٩ی زایینی**

# کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە



نووسینگەی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ سەبارەت بە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نێوخۆ و دەرەوەی ئێران و هەروەها ستراتێژیی هەنووکەیی کۆنگرە و بەتایبەت سیاسەتی کۆنگرە سەبارەت بە یەکگرتوویە سیاسییەکان لە خەبات دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ئەم ڕاگەیەندراوە بەم چەشنەیە:

خەڵکی خەباتکار

حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان

ڕووداوە سیاسییەکان و ناڕەزایەتییە خەڵکییەکان لە سەد شاری ئێراندا، ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان و سەرکوت کردنیان، ناڕەزایەتییەکانی ژنان دژ بە نەبوونی یاسا و بەربڵاوبوونەوەی بزووتنەوە سیاسییەکان لە ناوچە جیاوازەکانی ئێراندا، تا ڕادەیەکی بەرچاو، وڵاتی تووشی قەیرانگەلێکی بەرچاو کردووە.

ئەم قەیرانانە بوونەتە هۆی لاوازبوونی دەزگای حکوومەت و ڕەنگە بە زووترین کاتیش لە نێوخۆیدا تووشی تێکچوونی بکەن.

بە تایبەت گوشارە نێونەتەوەییەکان لە ماوەی مانگەکانی ڕابردوودا بۆ سنووردارکردنی سیاسەتەکانی دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ناوچە، پێشگرتن لە هەناردەکردنی تێرۆریزم و زیاد کردنی نائەمنی لە ناوچە و جیهان و وەلانانی ڕێککەوتننامەی بەرجام لە لایەن دەوڵەتی ئامریکا و گەشەی گەمارۆکان دژ بە کۆماری ئیسلامی، دۆخی وڵاتی لەگەڵ هاوکات بوونی سەرکوت لە ناوخۆ و گوشار لە دەرەوە بۆ سەرهەڵدانی قەیرانە سیاسییە بەربڵاوەکان ئامادە کردووە.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بۆ تاوتوێ کردنی دۆخی سیاسی کۆمەڵایەتی لە نێوخۆ و دەرەوە و هەروەها لەبەرگرتنی سیاسەتی تەبا لەگەڵ دۆخی هەنووکەیی و بڕیارە نوێیەکان، حیزبەکان و بزووتنەوەکانی ئەندامی کۆنگرەی بۆ بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەیەکی تایبەت لە کۆڵنی ئاڵمان بانگهێشت کرد.

ئەم کۆبوونەوەی کۆنگرە لە سەرەوەترین ئاست و بە بەشداریی هەموو ڕێبەرانی حیزبەکانی ئەندامی کۆنگرە لە سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە، ٢٦ی ژانویەی ٢٠١٩ دەستی پێکرد و پاش تاوتوێ کردنی باس و بابەتەکانی و وتوویژ سەبارەت بە ستراتێژیی هەنووکەیی کۆنگرە و بەتایبەت سیاسەتی کۆنگرە سەبارەت بە یەکگرتوویە سیاسییەکان لە خەبات دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا گەیشتە ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنە. ئەم کۆبوونەوەیە دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێهات.

**نووسینگەی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی**

## درێژەی پەیڤ

خەڵک هیوایان بە مەرگی ئەم ڕێژیمە بەستووە و ڕێژیمیش تارماییەکانی مەرگی بەچاوی خۆی بینیوە.

بەڵام لە مەرگی ڕێژیم گرنگتر، مەرگی کەلتووی دواکەوتوویی و فاشیستییە کە ڕێگە نەدرێ جارێکی دیکە وێنەی کەس لە نێو مانگدا ببینرێتەوە.

# سەردانی پارتی ئازادی کوردستانی باکوور لە دەفتەری نوێنەرایەتی حیزب لە پاریس



شاندێکی پارتی ئازادی کوردستانی باکوور سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزب لە پاریسیان کرد و لە لایەن لێپرسراوی گشتیی حیزبەوە پێشوازیان لێکرا.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٣ی ڕێبەندانی ١٣٩٧ی هەتاوی، شاندێکی پارتی ئازادی کوردستانی باکوور بە سەرۆکایەتی بەڕێز مۆستەفا ئۆزچەلیک سەرۆکی ئەم پارتە سەردانی دەفتەری نوێنەرایەرتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە پاریسی پێتەختی فەرانسە کرد و لە لایەن وەفدێک بە سەرپەرەستیی مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزب پێشوازیان لێکرا.

لەم سەردانەدا باس و بابەتەکانی ڕۆژەڤی کوردستان بە گشتی و کوردستانی باکوور و ڕۆژهەڵات بە تایبەتی تاوتوێ کران.

سەرۆکی پارتی ئازادی کوردستانی باکوور باسی هەڵبژاردنەکانی کوردستانی باکوور و شێوەی بەشداری پارتەکەیان و ئامانج و ڕینماییەکانی کرد.

لە لایەکی دیکەوە لێپرسراوی گشتیی حیزب باسی چالاکییەکان حیزب و بارودۆخی ئێستای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی بۆ شاندی میوان کرد.

هیجری لە باسەکەیدا باسی دەسکەوتە سیاسییەکانی پاش کۆنگرەی ١٦هەم و هەروەها هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان کرد.

لە کۆتاییدا هەر دوو لایەن لەسەر یەکگرتوویی و پتەوترکردنی لایەنەکانی کوردستانی پێداگرییان کرد و هیوای سەرکەوتنیان بۆ یەکتر خواست.

# هەیئەتێکی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە هەولێر سەردانی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستانی کرد



هەیئەتێکی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەولێر، سەردانی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستانی کرد.

بە بۆنەی بیست و چوارەمین ساڵڤەگەڕی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، ڕۆژی شەممە، ٢٠ی ڕێبەندان، هەیئەتێکی نوێنەرایەتی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی "محەممەد ساڵح قادری"، نوێنەری حیزبی دێموکرات لە هەولێر، سەردانی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانیان کرد و بەو بۆنەوە پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتیان بە سەرکردایەتی پارتی ناوبراو ڕاگەیاند.

هەیئەتی حیزب لە لایەن "باپیر کامەلا" سەرۆکی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەران و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی ئەو حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا و وێڕای ڕێزێکی تایبەتی بۆ ئەو سەردانە، دوو لایەن جەختیان لە پێوەندی دۆستانەی نێوانیان کردەوە.

# تێکۆشەرانی دێموکرات لە کوردستان سەلماندیان کە کوردستان هیواخوازە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمار



ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە ڕۆژانی پێش و پاش ٢ی ڕێبەندان بەشێوەیەکی کەموێنە لە سەرانسەری کوردستاندا چالاکی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد کە لێرەدا ڕاپۆرتێکی کورت لەم پێوەندییە دەخەینە بەرچاوتان:

تێکۆشەرانی دێموکرات لە ئاوایی گۆشخانی سەر بە سەوڵاوا دیوارەکانیان بە ئاڵای کوردستان و درووشمی بژی حیزبی دێموکرات ڕازاندەوە.

هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە ئاوایی کانیڕەشی بۆکان بە نووسینی دروشمی ٢ی ڕێبەندان پیرۆز بێ، بە پێشوازی جێژنی کۆمارەوە چوون.

خاکیپۆشانی دێموکرات لە ئاوایی ساڵیانی ژاوەرۆش لەم شوێنانە تراکت و پووستێری تایبەتیان بڵاو کردەوە: موخابرات، قوتابخانە، مزگەوتی ئاوایی، دێهیاری، تەواوی کۆڵانەکانی ئاوایی و هەروەها جادەی ئەوێهەنگ تا ساڵیان.

پێشمەرگەکانی شار لە مەریوان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە نووسینی دورووشمگەلی وەک کۆماری کوردستان ناسنامەی گەلی کوردە، ٢ی ڕێبەندان پیرۆز بێ، بژی کۆماری کوردستان، سڵاو لە کۆماری کوردستان، لەم شوێنانە چالاکی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد: داسێرانی ٢، گەڕەکی مووسکی٢، بەری پادەگانی عەبات، سەرتەپەی مووسک کە ئەم چالاکییانە بووە مایەی خوشحالی خەڵکی ناوچەکە.

جامانە لەملانی دێموکرات لە شاری سەقز و لە گوندەکانی تاییربۆغە، قارەمان، کوێرەگوێز، قشڵاخی ئەفغانان، کۆنەڵان، مێتوو، سیاری کۆن، تراکتی تایبەت بە ٢ی ڕێبەندانیان بڵاو کردەوە و بەبۆنەی ٢ی ریێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لەگەڵ خوێندنەوەی پەیامێك بۆ پشتیوانیی کردنی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پەیمان نوێکردنەوە لە گەڵ حیزبو شەهیدان، ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵکرد.

قوتابیانی ڕێبازی پیشەوا لە ئاوایی دەل سەر بە شاری مەریوانیش تراکتی دەسنووسی تایبەت بە ٢ی ڕێبەنندانیان بڵاو کردەوە کە تێیدا نووسرابوو: ٢ی ڕێبەندان ناسنامەی یەکەم حکوومەتی کوردە لە ڕۆژهەڵات و کوردستان سەنگەری ئازادی سەرانسەری ئێرانە.

شەوی ١ی ڕێبەندان، تێکۆشەران و خاکیپۆشانی مەتەرێزی شار لە سنە، بەبۆنەی ساڵیادی دامەزرانی کۆماری بەشکۆی کوردستان، بە بڵاو کردنەوەی نوقڵ وشیرینی وتراکت و پووستێری تایبەت بە پێشوازی ئەم ڕۆژەوە چوون.

لەم چالاکییەدا جامانە لەملانی دێموکرات، ٣هەزار بەستە نوقڵ وشیرینییان لە زۆربەی شەقام و گەڕەکەکانی ئەو شارە بڵاو کردەوە .

ئەو شوێنانەی کە چالاکی لێ کرا بریتین لە: شارۆچکەی نایسەر، گەڕەکەکانی:غەفوور، حاجیئاوا، حەسەن ئاوا، فەرەح، نبوەت، عەباس ئاوای خواروو و ژووروو؛ هەروەها لە گوندەکانی شیان و تەوریوەر بەشێوەیەکی بەرین و کەموێنە چالاکی تەبلیغی بەڕێوە چووە.

لە شاری سنەی خوێناوی پێشمەرگەکانی شار لە بەرزاییەکانی ئاویەر بەنێری تایبەت بە دووی ڕێبەندانیان هەڵکرد.

هاوکات تێکۆشەرانی دیموکرات لە گۆکتەپەی مەهاباد بە نووسین و بڵاوکردنەوەی درووشمەکانی "قازی، قاسملوو، شەرەفکەندی ڕێگاتان درێژەی هەیە" و " پیرۆز بێ ٢ی ڕێبەندان" بە پێشوازی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆمارەوە چوون.

لە شاری ورمێی قارەمان، قارەمانانی دێموکرات بە نووسینی دروووشمەکانی وەک بژی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پیرۆز بێ ٢ی ڕێبەندان، دیوارەکانیان ڕازاندەوە؛ لە شاری پاوەش ئەندامانی حیزب بە دروووشمی هاوشێوە یادی کۆماریا بەرز ڕاگرت.

سەر لە ئێواری ڕۆژی دووشەممە ١ی ڕێبەندان بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە گوندی مەمەلیان سەر بە شاری نەغەدە، کارو چالاکی لەلایەن تێکۆشەرانی دێموکرات ئەنجام درا کە بریتی بوو لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و نووسین دروشمی تایبەت بە دووی ڕێبەندان لە سەر دیوارکانی ناو گوند.

بەشێک لە ئەندامانی حیزب لە شارەکانی کرماشان و شائاباد بە ناردنی پەیامی تەسویری پیرۆزبایی خۆیان لە هەموو گەلی کورد کردووە.

هەروەها تێکۆشەرانی گەل ڕێکەوتی ١ی ڕێبەندان لە شەهرەکی نایسەر، شەهرەک حەسەن ئاباد، شەهرەک زاگرۆس، گەڕەکی حاجیاوا، کانی کووزەڵە، عەباساوە، نەبوەت، بەهاران، میدان ئێقباڵ، ویلاشار، پێنجی ئازەر، بێعسەت، کەمەربەندی٢٥، فەیزاوە، دەور میدان، سیرووس، مەیدان مادەر، سێ ڕێیانی جەهاد، دگەران، پولیسرای قەدیم، گرێزە، جادەی بەهەشت محەممەدی، پارک محەممەدی، قشلاق، ترمیناڵ گەورە، مەیانبار و ١٢ی فەروەردین تراکت و پووستێرو شیرینی بڵاو کراوەتەوە

لەلایەکی دیکەشەوە شەوی ٢ی ڕێبەندان لە گوندەکانی نزاز، گوندی تەنگیسەر، گوندی نییەر، گوندی شیان، گوندی تەوریوەر،گوندی مێراو لە نێو ماڵاندا شیرینی بڵاو کراوەتەوە، تەقەی خۆشی کراوە ،ئاور کراوەتەوە ، بەهەزاران تراکت وپوستێر بڵاو کراوەتەوە.

پێشمەرگەکانی شار لە مەهابادی شاری قازییان بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێکی تایبەت کە تێیدا ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان، جامانە و تراکتە پێوەندیدارەکان بە دووی ڕێبەندان ڕازێنەرەوەی جێژنەکەیان بوو، پەیمانیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات نوێ کردەوە کە تا سەر وەفادار بە ئارمان و ئارمانجەکانی حیزب و کۆمار دەمێننەوە. هەروەها لە پردی تەپەی قازی بە هەڵدانی یوبیلی زێڕینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بوونە مایەی دڵخۆشی خەڵکی ئەم شارە.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان ئەندامانی حیزب لە دەماوەندی تاران بەشێوەیەکی کەموێنە و بەربڵاو تراکتی تایبەت بەم ڕۆژەیان بڵاو کردەوە؛ هەر هەمان ڕۆژ تێکۆشەران و دڵسۆزانی حیزب لە ئاوایی ئەوێهەنگی مەریوان وەفاداری خۆیان بە ڕێبازی پیشەوا نیشان دایەوە. هەروها ئەندامان و لایەنگرانی حدکا بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ناو شاری تاران چالاکی تەبلیغاتیان بەڕێوەبرد کە بریتی بوو لە نووسینی درووشم و بڵاوکردنەوەی پوستێری تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان. ئەو شوێنانە بریتی بوون لە:میدانی ئینقلاب، ـمیدانی ئینقلابی جنووبی، میدانی ئینقلابی شمالی. میدانی ئینقلاب بەرانبەر پارکی لالە.

پێشمەرگەکانی شار لە سەقزی ١١ ئەستێرە بە بڵاوکردنەوەی سەدان تراکت و پووستێری تایبەت بە ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە گەڕەکەکانی حاجیاوا، سیلۆ، نەشمیلان، شەقامی ئۆستاد شیرازی (کوشتارگا)، تەپەی شافێعی، شەقامی روودەکی، شەقامی سەعدی، بەردبڕان، کەریماوا و هەندێ لە قوتابخانەکانی نێو شار وەفاداری خۆیان بە ڕێباز و مەکتەبی پیشەوای کوردان پیشان دایەوە.

پۆلێک لە لاوانی وەفادار بە ڕێبازی شەهیدانی کوردستان لە نییەری سەربەرزی هەمیشە دێموکرات، جێژنێکی خنجیلانەیان بەم بۆنەوە بەڕێوە برد و بەڵێنیان نوێ کردۆتەوە کە تا سەرکەوتن واز لە خەبات ناهێنن. هەروەها شەوی ٢ی ڕێبەندان لەشاری مەریوان و لەو شوێنانە کاری تەبلیغی کراوە: مەحەلەی "سردۆشییەکان، گەڕەکی "بهاران و شەهرەک نەورۆز.

پێشمەرگەکانی کوردستان لە شاری بۆکان لە سەر جاددەی بۆکان – میاندوئاو بە هەڵکردنی ئاڵای سێڕەنگی کوردستان، یادگاری بەجێماوی کۆمار بوونە مایەی دڵخۆشی خەڵک و ڕێبواران کە بەوتەی هەواڵنێری کوردستان میدیا، بە سەدان ماشین کە لەوێوە تێپەڕیون بۆ سەیرکردن و وێنەگرتن لە ئاڵاکە لەسەر ئەم جادده ڕاوەستابوون. هەروەها لە گەڕەکەکانی کوی فەرهەنگیان، بیمارستانی تازە، شۆهەدا، کەلهوڕاوا و نەساجی تراکتی تابەت بڵاو کرانەوە.

پێشمەرگەکانی شار لە مەریوان، بە نووسینی دروشمگەلێکی وەک: "پیرۆزە ٢ی ڕێبەندان"، "بژی ڕاسان بە کاتی کۆمار" و "هەر شەکاوە بێ ئاڵای کۆمار" و هەروەها بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و جامانە و بڵاوکردنەوەی نوقڵ و شیرینی ڕێزیان لەم ڕۆژە مێژووییە گرت.

هەر لەم پێوەندییەدا، تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری تارانی پێتەختی ئێران، چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

شۆڕشگێڕانی دێموکرات لە شاری تاران، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پووستێری تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان وەفادارییی خۆیان بە حیزبی دێموکرات و ئەمەگناسی بەرانبەر بە ڕێبازی پێشەوای مەزن دەربڕی.

پێشمەرگەکانی شار لە شارەدێی پەسوێی پیرانشار لە بەرزاییەکانی زاڵ بەسەر پەسوێدا وێڕای هەڵکردنی ئاڵای کوردستان وەک میراتێکی بەجێماو لە کۆماری کوردستان و بڵاوکردنەوەی سروودی تایبەت بە دووی ڕێبەندان، و هەروەها نووسینی دروشمی وەک: "ڕاسان وەدیهێنەری ئامانجەکانی کۆماری کوردستانە، سڵاو لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بژی ڕاسان"، ئەمەگناسی و وەفاداری خۆیان بۆ کۆمار و ئامانجەکانی بۆ جارێکی تر دووپات کردەوە و ڕایانگەیاند کە تا سەر وەفادار دەبن بە ڕێبازی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی.

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لە خورینجی سەربەرز ئامادەیی خۆیان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی نوێ ڕاگەیاند و پەیمانیان داوە کە تا سەر وەفادار بن بە ڕێبازی پیشەوا و کۆمار و ڕاسانیان وەک تەنیا ڕێگای ڕزگاری پێناسە کردووە.

پێویست بە ئاماژەیە کە لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات لە چەنسین شار و شارۆچکەی کوردستانەوە بە ناردنی پەیام و برووسکەی پیرۆزبایی بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان ئەمەگناسی خۆیان بەرامبەر بە کۆمار و ئامانجەکانی دەربڕی کە بریتین لە شارەکانی سەقز، مەهاباد، شارەدیی نێ، نییەر، و مێراو، تەنگیسەر وئەوێهەنگ و هوویە و سەرهوویە.

# بە کردەوە بەرەو ئامانج

چەکۆ ئەحمەدی

هەنگاونان بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو دارشتنی کۆمەڵێک بناغەی دەوێ تاکوو دەستەبەربوونی لە درێژخایەندا مسۆگەر بکات. تێپەڕبوونی نیو سەدە و سەدەیەک لە ژیانی مرۆڤێکدا و لە چاوەڕوانیدامانەوە ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ و تاقەتپڕووکێنە، بەڵام کاتێک باس دێتە سەر چارەنووسی وڵات، نەتەوە، شوناس و ئامانج، بەتایبەت لە سەردەمی خەبات و چالاکی بۆ بەرگری لە هەموو ئەوانە، چیدیکە تێپەڕبوونی کات و ساڵ و سەدە بایەخی خۆیان لەدەست دەدەن و ئەوەی دەبێتە بایەخ و گرنگی، ڕژدبوون و تۆکمەترکردنی کەرەستەکانی گەیشتن بە ئامانج و درێژەدانی خەباتە بەرەو ئامانج. هاوکات بەهێزترکردنی بناغە سەرەکییە هزرییەکانی داڕێژراو لە ناوەندی سەرەکییە.

ئەگەر باس لە بناغەی سەرەکیی هزری رزگاریی نەتەوەیی کورد بکرێ، دەبێ بابەتێکی سەربەخۆی بۆ تەرخان بکرێ، بەڵام لێرەدا باس لە چوارچێوەیەکی هزریی مۆدێرن دەکرێ کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو و داڕێژراو پلانی ستراتیژیک و لۆژیکی پێڕەو دەکات و دەکرێ بگوترێ بناغەکانی گەیشتن بە ئامانجی تا رادەیەک لە هیچەوە دادەڕشت و زانست و پەروەردەی بنەڕەتیی وەک کۆڵەکەی سەرەکیی بزاوتن بەرەوپێش دەبینی.

لەم بابەتەدا سەرەڕای ئاگاداربوون لە هەزاران پەرتووک و بابەتی پڕبایەخ لەسەر کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵات، هەوڵ دەدرێ بەپێی توانا بەشێکی بچووک لە کردەوە گرنگەکانی کۆمار و بەڕێوەبەرانی و لەسەرووی هەموویانەوە شەهیدی نەمر پێشەوای کوردان باس بکرێ تاکوو ئەو راستییە پیشان بدرێ کە کۆماری کوردستان تا ئێستاش تاقانە سەرچاوەی گەڕانەوەبۆی و پەنابۆبردنە تاکوو هزری یەکگرتوویی نێو ماڵی کورد بەهێزتر و بڕوابەخۆبوون تا ئاستی تاکەکانی بەشدار لە کۆماردا بەرزبێتەوە و بەو ئاکامە بگەین کە تواناکانی نەتەوە تا ئاستی رزگاری و سەربەستییە، بەڵام ئەوەی لە سەرەوە باسکرا بێگومان بەو مەبەستە نییە لە گرنگی و بایەخی خەباتی جووڵانەوەکان و ڕێبەر و سەرکردەکانی پێش لە کۆماری کوردستان کەم بکرێتەوە.

زۆر ئاشکرایە ئەوەی کۆماری کوردستانی گەیاندە دامەزراندن، خەبات و بەرخۆدانی نەوەکانی پێش لە کۆماری کوردستان بووە و بە روونی دیارە هەموو خەبات و شۆڕشەکانی نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو لە بزووتنەوەکانی پێش خۆیان ئیلهامیان وەرگرتووە و خۆیان بە درێژەدەری شۆڕشەکانی پێش خۆیان زانیوە. لەوانەیە بەشێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ- ک و حیزبی دێموکرات شۆڕشی نەمر شێخ مەحموودی حەفید و جوامێر سمایل ئاغای سمکۆیان لەبیر بووبێ و ئاگاداری هەموو ڕووداوەکانی ئەو دوو شۆڕشە مەزنەی کورد و هۆکاری شکستەکانی بووبن، کەوایە دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان ئاگادارانە هەنگاویان بەرەو ئامانجێکی ئاوا مەزن هەڵهێناوە و بێگومان هەوڵیان داوە ئیلهام لە شۆڕشەکانی پێش خۆیان وەربگرن بەڵام ئەوەی کۆماری کوردستان لە هەموویان جیادەکاتەوە، دوورکەوتنە لە هزری ناوچەیی و سیستمی تاکناوەندی و ڕێبەریی تاکەکەسی و ڕۆشتن بەرەو سیستمێکی مۆدێرن و دامەزراندنی چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ چۆنیەتیی هەنگاونان و بڕیاری بەکۆمەڵ لەسەر هەموو پرس و پێشهاتەکانە. هەموو ئەمانە بە واتای سیستمێکە بە ناو "حیزب" کە بڕیار لە دەست تاک دەردێنێ و ئەوە کۆمەڵە مرۆڤێک یان کۆمەڵگایە بڕیار لەسەر هەموو پرسەکان دەدا. کەوایە



یەکەم خاڵ و گرنگترین خاڵی جیاوازیی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان، لە مۆدێرنیزەکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورددایە. بۆیە کۆمار دەتوانێ خۆی وەک تەواوکەری هەموو شۆڕشەکانی پێش خۆی پێناسە بکات و خۆی وەک ڕەنگدانەوەی پێشکەوتووانەی ئەوان دەربخات، هەربۆیە لە هیچ بەڵگە و دێکیۆمێنتێکی سەردەمی کۆماردا نەبینراوە کە حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان وەک سەرەتای مێژووی خەباتی رزگاریخوازی پێناسە بکات و هەموان بە دواکەوتوو و نەزان بزانێ و خۆی بە خاوەنی نەتەوە و خەبات و بەرخۆدان. هەموو ئەمانە و خاڵە بەهێزەکانی دیکە لەلایەن بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان بە بنەما کرابوو و لەم نێوەدا ڕۆڵ و کاریگەریی پێشەوای کوردان وەک ڕێبەری حیزب و سەرکۆماری کوردستان لەسەر بزاڤ و جڤاکی ئەودەم و ئێستاشی لەگەڵ بێ دیار و بەرچاو بووە و هەیە.

کۆماری کوردستان لە ئاڵۆزترین سەردەم و ناوچەدا سەری هەڵهێنا. کەندوکۆسپی سەرڕێگای چالاکانی سەردەمی کۆماری کوردستان و بزووتنەوەکانی کوردستان لە پێش کۆماریش لەئەژمار نایەن و زۆر بوون، بەڵام دوو خاڵی زۆر گرنگ و هۆکاری سەرنەکەوتوویی بزووتنەوەکان بریتی بوون لە نەخوێندەواری و بڕوا بەخۆنەبوون لەلای کورد تا سەردەمی کۆماریش و هەر ئەو دوو خاڵەش ڕەنگدانەوەی زۆری لەسەر چارەنووسی کۆماری کوردستان دانا، بەڵام کۆماری کوردستان و لەسەرووی هەموو بەڕێوەبەرانی کۆمارەوە پێشەوا قازی محەممەد زۆر باش ئەو کەلێنە مەزنەیان لەنێو کورددا هەست پێکردبوو، بۆیە لە یەکەم ڕۆژەکانی دامەزراندنی کۆمارەوە پرسی پەروەردە و ڕاهێنان لە هەموو بوارە مووەکینەکاندا کرایە هەنگاوی کردەیی و زۆر باش و لۆژیکییانە پلانی بۆ داڕێژرا. قوتابخانە بۆ کچ و کوڕی کوردستان تا تەمەنی "١٠" ساڵ بووە ناچاری و هەموو شار و گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری دەگرتەوە. بە خێرایی پەرتووک بە زمانی کوردی چاپ کرا و زمانی خوێندن و نووسینی خوێندکار و خوێندنگە و هەموو دامودەزگاکانی کۆمار کرایە کوردی، واتە زمانی کوردی بوو بە زمانی فەرمی. هاوکات کۆمەڵێک لاوی کورد بە مەبەستی خوێندن وەک بوورسییە نێردران بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت. زمان یەکێک لە فاکتە سەرەکییەکانی پێناسەی نەتەوەیە، بەڵام بەپێی سیاسەتی وڵاتانی داگیرکەری ناوەندگەرای زاڵ بەسەر کوردستاندا، زمانی کوردی لە هەموو لاوە هێرشێکی ناڕەوا و دوور لە ئاکاری مرۆیی کراوەتە سەری و لە هێندێ برگەی کاتیدا تەنانەت حاشا لە بوونیشی تەنانەت وەک زمان و زاراوە کراوە. لە کۆماری کوردستاندا زۆر بە روونی و وریاییەوە هەست بەم خەسارەبەرکەوتوویییە و ئەو هێرشانە کرابوو و دەیانزانی کە پاراستنی زمان بە واتای گرێدانی ئێستایە (١٩٤٦) لەگەڵ داهاتوو.

ئەم هەستە بە مەترسییەی بەڕێوەبەرانی کۆمار زۆر بە باشی لە ڕۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستاندا دەردەکەوێ و هەوڵ دەدرێ بە سەرپەرشتی دەستەیەکی لێزان هاوواتای وشە غەیرە کوردییەکان بە زمانی کوردی دابنرێ و بۆ ڕای گشتی بڵاو بکرێتەوە. وەک نموونە لە ژمارەی ٣٧ ڕێکەوتی ١٥.١١.١٣٢٤دا کە هێز و سوپای کۆمار دامەزراوە، بۆ هەرکام لە پلەکانی بواری چەکداری لە نێو هێزی کوردستان ناوی تایبەتی دادەنرێ کە هەتا ئێستاش پێدەچی پاراوترین دەستەواژە بن بۆ پلە جیاوازەکانی هێزی پێشمەرگە.

هەموو ئەو هەنگاوانەی لەم پێوەندییەدا هەڵگیراون، نیشاندەری هزری لۆژیکییانەی دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان بوون بۆ ستراتیژییەکی درێژخایەن و لەڕاستیدا دەکرێ بڵێین دەسپێکی بووژاندنەوە و بیچمگرتنی بەرەو پێشکەوتن ڕۆیشتنی تاکەکانی کورد بوو و هەر لەوێوە بوو کە تاکی کورد لە بەشەکانی دیکەش پرسیاریان دەخوڵقاند و بەدوای پرسیاردا دەگەڕان و ئەگەر ئەمڕۆ لەگەڵ سەدەی ڕابردوودا بەراورد بکەین، گۆڕانکارییەکانی سەر تاک و کۆمەڵگای کوردستان زۆر بەرچاوە. ڕاستە ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانە لە هەموو وڵاتاندا بووە، بەڵام کە باس دێتە سەر کوردستان دەبێ ئەو ڕاستییەش بەباشی ببیندرێ کە نەتەوەی کورد لە دۆخێکدا بەرەوپێش چووە کە چوار وڵاتی داگیرکەری کوردستان هەموو هێز و توانا و تەکنۆلۆژییەکی پێشکەوتوویان بۆ قڕکردنی کورد و ئاسمیلە و پاکتاوی بەکار بردووە و بێ دوودڵی دەکرێ بگوترێ هیچ جۆرە تاوانێک و چەکێک (جگە لە چەکی ناوکی) و سیاسەتێکی نامرۆیانە نەماوە دژی نەتەوەی کورد بەکاری نەهێنن. کەواتە کۆماری کوردستان کاتێک لەوپەڕی بێهیوایی نەتەوەییدا کیانێکی هێندە گرنگ بۆ هەموو کوردستان دەستەبەر دەکات، ڕوونە کە دەبێتە سەرچاوەی وزە بۆ بڕوابەخۆبوون و بەرگری لە مانی خۆی و بەرپەرچدانەوەی پیلانی دوژمنان. هەربۆیە لێرەدا و بە گەڕانەوە بۆ کردەوەکانی کۆماری کوردستان دەگوترێ کۆمار هۆکاری بووژانەوەی تاکی کورد بوو.

وەک لە ڕابردوو و ئێستا دیارە، زۆرینەی تاکی کورد لە هیچ قۆناغێکی مێژوودا دابەشبوونی کوردستان و سنوورەکانی نێوان بەشەکانی کوردستانی بە فەرمی نەناسیوە و بە هەر شێوازێکی مومکین بەرەنگاری بووەتەوە و هەر نەبێ زۆر بە ئاسانی سنووری دەستکردی بەزاندووە و پێوەندییە خوێنی و دیرۆکییەکانی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانی درێژە داوە و نەیهێشتووە هزری داگیرکاری و پارچەبوونی خاک لە ناخیدا بچەسپێ. لێرەشدا کۆماری کوردستان پێشەنگی هەموو بزووتنەوەکانی کورد بووە و بە کردەوە سەلماندی کە هیچ یاسایەکی جیهانی و نێونەتەوەیی و ناوچەیی لە پێوەندی لەگەڵ یەکبوونی نەتەوەی کورد لە هەموو دونیا بە فەرمی ناناسێ و بە ئاشکرا تاکی پارچەکانی دیکە و لە هەموو ناوچەکانی کوردستان لە بەڕێوەبەریی کۆماری کوردستاندا پشکدار دەکات و ئەوانیش بێ جیاوازی وەک تاکی ڕۆژهەڵاتی هەم مافیان هەیە و هەم ئەرکداریش بوون لە بەڕێوەبردنی یاساکانی کۆماردا. کەوایە، بە کردەوە کۆماری کوردستان سەلماندی کە ستراتیژیی کۆمار، کوردستانە بە بێ پێشگر و پاشگر.

لە ژمارەی ١٠و ١١ی ڕۆژنامەی کوردستان ڕێکەوتی ١٥ و ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا دەقی وتەکانی پێشەوا قازی محەممەد لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماردا بڵاو کراوەتەوە. لەم وتارەدا بە روونی دیارە کە سەرکۆمار تەنیا وەک وتەبێژی کۆمار و حیزبی دێموکرات قسە دەکات و خۆی لە سەرووی هەموانەوە نابینێ و چەند جار دووپاتی دەکاتەوە کە ئەوەی بەرهەمهاتووە، ئاکامی هاوکاری و هاودەنگیی کۆمەڵێک مرۆڤە و هێما بەوە دەکات کە هەنگاوەکان بەرەو مۆدێرنیزاسیۆنە، بەو واتایە کە سەرەڕای هەموو ئەو ناکۆکییانەی داگیرکەر لە نێوان عەشیرە و خێڵەکان پێکی هێناوە، هەموویان لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتدا کۆبوونەتەوە و یەکدەنگ و هاوڕا خەبات بۆ سەربەستی دەکەن. حیزب لە خۆیدا ئۆرگانیزاسیۆنێکی مۆدێرنە، کەوایە کۆمار هەنگاوی بەرەو گۆڕانکاریی قووڵ لە گشتییەتی کۆمەڵگادا هەڵهێنایەوە.

هەر لەو وتارەی پێشەوای کوردانداا بە تێروتەسەلی، هاوکات کورت و پوخت گرنگیی پەروەردە بە زمانی کوردی و ئەوەی تا ئەو ڕێکەوتە کردبوویان باس دەکات. هەموو ئەمانە و ئەوەش لە پەرتووک و بابەتەکانی دیکەدا وا لەسەر کۆماری کوردستان نووسراوە، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆماری کوردستان و ڕێبەرانی کۆمار و حیزبی دێموکرات، هەموو هێز و وزەی خۆیان بەکار هێنا تاکوو ئەو ئاسۆ ڕوونەی بۆ دواڕۆژ بیری لێدەکەنەوە، بە کردەوە هەنگاوی بۆ هەڵگرن و هاوکات بە ڕوونی بۆ تاکەکانی کوردستان وێناسازیی بکەن. بە چاولێکردن لە مێژووی ٧٣ ساڵەی پاش کۆماری کوردستان و بەردەوامیی خەبات و ئاستی وشیاریی تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەزنی و پاقژبوونی هزری بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان و لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوای کوردان دەردەکەوێ و ڕاستەقینەبوونی هەموو گوتەکانیان بۆ گەیشتن بە لووتکەی سەربەستیی کورد دەردەکەوێ.

بە کورتی دەکرێ بگوترێ گرنگترین هەنگاو و وانەی کۆماری کوردستان لە چەند خاڵی سەرەکی و بنەڕەتیدا ئەمانەن:

ـ نەتەوەی کورد وەک هەموو نەتەوەیەکی دیکە دەتوانێ خاوەن کیانی خۆی بێ واتە ئێمە دەتوانین.

ـ گەیشتن بە لووتکەی سەربەستی و رزگاری تێچووی هەیە و دەبێ بدرێ تاکوو نەوەکانی داهاتوو بێ قوربانیدان بژین. ("گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات". قاسملووی کوردان).

ـ یەکگرتوویی نێو ماڵی کورد دەتوانێ زامنی سەرکەوتن بێ. هەروەک پێشەوای مەزن لە گوتارەکەیدا باس لە وەلانانی ناکۆکیی عەشیرەکان دەکات و لەژێر ئاڵای حیزبدا کۆدەبنەوە و ئاکامەکەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو.

لە زۆر قۆناغ و برگەی مێژوویدا دەرکەوتووە لە نەبوونی یەکگرتوویی نێو ماڵی کورددا نەک سەرکەوتن بەدەست نەهاتووە، تەنانەت ئەوەش بەدەست هاتووە لەکیس کورد چووە، کەواتە کەمترین چاوەڕوانی لە هێزە کوردستانییەکان ئەوەیە ئامۆژگارییەکانی پێشەوای مەزن بکەنە وانەی ڕۆژانەی سیاسەتیان و گیانی یەکگرتوویی و یەکبوون بەهێزتر بکەن و خەونی داگیرکەران وەک بەفری پار بتوێننەوە.

# پێناسەی کۆمارێک نەتەوەیی



دوکتور ئاوات ساروج

کۆماری کوردستان وەك هزر و بیریکی نەتەوەیی، وەک شۆڕشێکی نوێی نەتەوەیی و نیشتمانی دێتە ئەژمار کە کەسایەتییەکی نوێ و سەردەمیانەی بە تاکی کورد لەباری شوناسخوازی و وشیاریی نەتەوەیی بەخشی و لە ئەنجامدا باوەڕبەخۆبوون و خودئاگایی لەناو کۆمەڵگەی کوردستان و تاکی هۆشیاری کورددا گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی و کوردایەتی و شوناسخوازی بە بنەما، بە ڕێچکەی ڕەسەن بوون و خۆبینینەوە دەبینێت و سەربەخۆیی خۆی دەسنیشان دەکات. ئەوەش لە چ قۆناخ و لە کوێدا و چ کەسانێک و چلۆن هزرێکی بەهێزی نەتەوەخوازی، ئەم کۆمارە دەخوڵقێنن کە نیاز بە تاکی کوردی نوخبە، لێهاتوو و شارەزای هەبووە بەنرختر دێتە بەرچاو!

لە قۆناخێک لە مێژووی کورددا، لەو سەردەمەی کە هەلومەرجی ناوچە و کێشە بناغەیی و گرفتە بەرفراوانەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بگرە لە ئێرانی پاشایەتی و مەرکەزگەرادا، سەرلێشێواوی و تێکچوونی باری حکومەتداری و ناسەقامگیری لە ئەو سیستمە دیکتاتۆر و یەک نەتەوەخوازەدا لە ئێران هەبووە، هزرێک دەتوانێت ڕووناکاییەک بخاتە بەر دیدی تاکی کورد و لە نۆختەیەکدا لە کوردستان لەوپەڕی ئاڵۆزی و کومەڵگەیەک پڕلە کێشەدا، هەوڵ بۆ دامەزرانی کیانێکی نەتەوەیی، کوردستانی و جیاواز لە سیستمی ئەو قۆناخە دەدرێ.

دیارە لە سەر ئیرادە و ویستی زۆرنۆخبە و کەسانێک شارەزا وەک نوێنەری نەتەوەی کورد ئەوەش بە پێی بوار و هەلومەرجی ڕەخساو لەو سەردەمەدا، دەوڵەت یاخود کۆماری کوردستان ڕادەگەیەندرێ، دەبینین ئەم قۆناخە و ئەم جمهوریە پڕشنگدارترین وڕوناکیبەخشترین وێنای شۆڕشی ڕامیاری-نەتەوەیی و ڕۆشنبیری کوردە کە لە مێژووی ئەم گەلەدا بە جەسارەتەوە دەتوانین بڵێین کە بێ وێنە بووە. دیارە ئەم هەڵوێست و ڕاگەیاندنەش پێویستی بە کۆمەڵێک فاکتی گرنگ وەک پێشینەی ویستی نەتەوەیی کورد، بێهیوایی بە سیستمی مەرکەزگەرای ئێرانی، چینێک ڕوناکبیر و سەرکردەیەک لێوەشاوە و بەجەسەوە و هۆشیار هەبووە و دەکرێ باسی کەسێک کاریزما و دیار لە مێژووی کوردا لەگەڵ کۆمەڵێک هاوبیر و ڕوناکبیردا بکەین کە هەر بە ڕاستی لە سەردەمێکدا کە هێزی خێڵ، عەشیرەت، دەرەبەگ و..... کۆمەڵگەی کوردیی تەنیبوو، ئەم کەسایەتییە خۆشناو و بلیمەتانە بە هاوفکری و بە بڕیارێکی بەکۆمەڵ، بە بیرێکی نەتەوەیی ، لەوپەڕی هێز و ورەو شارەزاییەوە بە ناسینی هەلومەرجی ڕەخساو، خۆیان و کۆمارێک پێناسە بکەن کە ئەوەش لەم قۆناخەدا لە کۆمەڵەی ژێکافەوە پێ بنێن بە قۆناخی ڕاگەیاندنی کۆمارێکی نەتەوەیی دێموکراتیک و ناوی کۆماری کوردستان لە سەر ئەم هزرە دابنێن!

لێرەدا بە شرۆڤە و لێکدانەوەی ورد لە سەر ئەم وێنایە دەتوانرێ ڕووناکاییەک بەرچاوتر و نزیکتر لە مێژووی ڕاستەقینەی کۆماری کوردستان بخرێتە ڕوو:

بیر و هزری کۆمەڵەی ژێکاف لە نەتەوەخوازیی و هەبوونەوە، لە یەکگرتوویی و ئاستی بەرز و بەرفراوانی نەتەوەخوازییەوە چۆن دەگاتە پێناسە و دامەزرانی کۆماری کوردستان، دیارە ڕاوێژ، هاوفکری و هاودەنگیی پێویست بووە کە ئەم حیزبە "حیزبی دێموکرات" وەک یەکەم حیزبی مودێڕنی نەتەوەیی کورد دامەزرێت و پێناسە بکرێت چونکە بە هاوکاری سەرجەم ئەو کوردانەی کە لە دوورترین نوقتەی کوردستان، لە سەرووترین نوقتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا خوارووترین دەڤەری ئەو پارچەیە و بگرە لە سێ پارچەی دیکەی کوردستان، زۆر کەس هەبوون کە بواری بەشداری لەم حیزب و کۆمارەیان پێ بەخشراوە و بەشدارییان کردووە، دەبینین کە

کۆمارێک دادەمەزرێت کە تایبەت بە جۆغرافیایەک دیاریکراو و تەسک و سنووردار نەبووە!

دیارە ئەم کۆمارە بەباشی و شارەزایی کار بۆ ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی وەک ڕەهەندی فەرهەنگی، ڕامیاری، ئابووری، نیزامی کردووە و پێوەندیی لەگەڵ کۆمەڵگای کوردی و لەگەڵ دەوروبەریشدا وەک ئازەربایجان و سۆڤیەتدا لە بەر چاو بووە.

ڕۆحیکی کوردی و بەهێز لە هەوڵدان بۆ یەکگرتوویی، بڕوا بە ئامانج و قازانجی گشتیی نەتەوەی کورد لەم کۆمارەدا بەدی دەکرێ. چونکە هەر بە ڕاستی ڕاگەیاندنی ئەم کۆمارە خۆی وەک گەرەنتیەک بۆ بەرگری لە هێز و ئیرادەی نەتەوەیەک پێناسە دەکرێ کە لە هێما پیرۆزەکانیدا دیارە وەک:

بیری نیشتمانی ، پەروەدان و خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانە و چاپ و بڵاوکردنی زۆر بابەت و نووسینی کوردی، پێناسەی ئاڵایەک کە زۆر هێمای وردی نەتەوەیی و پێناسەی زانستی، میللی و شۆڕشگێڕانەش پێوەدیارە. مافی تاک و کۆمەڵ، هەوڵ بۆ نەهێشتنی جیاوازی و چینایەتی لە کۆمەڵگەی کوردی،باسی یەکسانی، ماف، یەکگرتوویی، پەروەردە و پێشکەوتن لە زۆر بواردا بەدی دەکرێ کە هەنگاو بەرەو یەکسانیخوازی و بەرابەری بووە.

بۆیە لە هەموو بوارێکدا کۆماری کوردستان یەکێک لە گەورەترین دەسکەوتەکانی مێژووی کورد و گەورەترین دەسکەوتی دەورەی مۆدێڕنە بۆ خەڵکی کوردستان. خاڵە جەوهەرییەکانی کۆماری کوردستان دەکرێ بە زۆر شێوە باسیان لێوە بکرێت بەڵام جێی ئاماژەیە کە یەکەم و سەرەکیترین خاڵی جەوهەریی کۆماری کوردستان دوای مێژوویەک کە ئەم وڵاتە لە تاڵان و داگیرکاری لە لایەنی دەسەڵاتی ناوەندگەراوە بێبەری نەبووە، گەڕاندنەوەی پێناسەی نەتەوەیی و کوردستانییە بەگشتی و بۆ تاکی کورد بەتایبەتی.

کۆکردنەوە و بەشداری کردنی کوردەکانی بەشەکانیتری کوردستان لەم کۆمارە و لە ژێر یەک ئاڵادا ئاماژەیەکی ڕوون بووە بۆ یەکبوونی کوردستان و نەتەوەی کورد سەرەڕای دابەشکرانی زۆرەملێی و کێشانی سنوورێکی دەسکرد لەناو کوردستاندا. دامەزراندنی سیستمی کۆماری لە شوێن سیستمی پاشایەتی، لەناو وڵاتێکدا کە تا ئەوکات و چەند دەیەش دوای ئەو کاتە هەر بە سیستمی پاشایەتیی بەڕێوەچبوو، بۆ ئەم سەردەمە نموونەیەکی زۆر پێشکەوتوویە. هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوەی سەردەم بەتایبەت دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان و فەرهەنگیان، کۆمەڵێک هەنگاوی زۆر بایەخدار بوون لەو سەردەمەدا. دابینکردنی ئازادی و هەوڵی سەقامگیریی ئاسایشی یەکسان بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بەبێ جیاوازیی ئایینی، نەتەوەیی و ئێتنیکی هەروەها گۆڕانێکی قووڵ و گرنگ لە فەرهەنگی ئەو سەردەمەدا دێتە بەرچاو وەک

هاندانی ژنان بۆ نێو بواری سیاسەت و فەرهەنگ و خوێندن. ئەوە قۆناغێکی مێژوویی و پڕشنگدارە لە ژیانی ژنانی کوردستاندا، هەموو دەزانین ساختاری کۆمەڵگەی ئەوکاتە چۆن بووە بۆ ژن، بەڵام کۆماری کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی ژناندا کۆمەڵگەی کوردیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر وشیار کردووەتەوە.

بەشداربوونی نوێنەر لە هەموو پارچەکانی کوردستان، لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنیدا، ئەویش بەو مانایەیە کە کوردی پارچەکانی دیکەش کۆماریان بە هی خۆیان زانیوە و هەستی نەتەوەخوازی و نیشتمانپەرەروەری هەم لە کۆمار و هەمیش لە لای تاکی کورد لە پارچەکانی دیکە بەدی کراوە و بەهێز بووە کە سەرەڕای جۆغرافیایەکی ئێگجار دوور و لە وپەڕی بێ ئیمکاناتییەوە، چەندها کێشەو لەمپەڕ لە سەر ڕێگای ئەم پێوەندی و یەکگرتوویییەدا هەبووە و چۆن بە یەک گەیشتوون؛ ئەمە دەرخەری هەستی نەتەوەیی و بەهێزی ئیرادە و ویستی گەلێکە کە خۆی لە دامەزرانی ئەم کۆمارەدا بەشدار بینیوە.

دیارە کۆماری کوردستان نەک هەر بۆ کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو بۆ هەموو نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان ئەم هەستە نەتەوەییەی بەرز و بەهێز کردووە. زۆر گرنگە نەتەوەیەک هەست بەوە بکا کە هەموو بەشێکن لە یەک کۆمەڵگەی سیاسی بە ناوی بنەماڵەی کورد و نەتەوەی کورد و بەم ئادرسە، کوردستانی بوونی خۆیان پێناسە بکەن.

لێرەدا کە باس لە شوناسی نەتەوەی کورد دەکەین تەنیا کۆماری کوردستان بەسە بۆ ئەو پێناسەیە.

کۆماری کوردستان لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی نەتەوەی کوردە و ئامانجە سەرەکییەکانیشی بریتیی بوونە لە سەربەستیی، ئازادیی و یەکسانیی بۆ کوردستان. بە بڕوای من هەر ئەوە کە ڕێبەرانی کۆمار سەرەڕای هەموو کۆسپ و گرفتە جۆراوجۆرەکان توانیویانە لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان، عەشیرەتەکان و لایەنەکان یەکدەنگی و یەکگرتوویی پێکبێنن، هەنگاوێکی گەورەو گرینگ بووە.

خاڵە بەرچاو و گرنگەکان بۆ نەتەوەیی بوونی کۆماری کوردستان وەک بەڵگە کە سەلمێنەری ئەم ڕاستییە بن جێی ئاماژەن:

هەڵکردنی ئاڵای کوردستان وەک هێمایەک بۆ پێناسەی نەتەوەیەک، شانازییەکە بۆ کۆمەڵگەی کوردستان و نیشانەیەکی ڕوونیشە بۆ شوناسخوازی و ڕەسەنایەتیی نەتەوەیەک کە خۆی پێناسە بکات .

پێکهێنانی سوپای میللی و ناوی پێشمەرگە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا، وەک باوەڕ و بە مەبەستی خۆپاراستنی تاکی کورد و نیشتمانێک ساز دەکرێت هەتاکوو ئێستاش لەوپەڕی بێئیمکاناتیدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بە شێوەی خۆڕسک لەلایەن کۆمەڵگەی کوردستانەوە وزە و هێزی پێ بەخشراوە خۆی بە مانای پاراستن و بەرەنگاری نەتەوە و لە پێناوی بەرگری لە خاکێکدا پێناسە دەکرێ.

لە بواری فەرهەنگی و ئەدەب و زانستەوە، دامەزرانی چاپخانە و بڵاوکردنەوەی پەرتووک، ڕۆژنامە، هەروەها پەروەردە و قوتابخانە بە زمانی کوردی، دەسکەوتێکی گرنگی کۆماری کوردستانە کە بۆ یەکەم جار ئەو پەیامەی بە تاکی کورد و کۆمەڵگەکەی دەدا کە زمان یەکێک لە بنچینەکانی پرسی نەتەوەخوازی و لە فاکتەرە گرنگەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزمی کوردییە، کە دەکرێ ئەمەش بە یەکێک لە گرنگترین دەسکەوتەکانی کۆمار و دەسپێکی بووژانەوەی زمان و ناسنامەی نەتەوەیی لە بواری فەرهەنگیدا ئەژمار بکەین .

هێنانەخواری ئاڵای ئێران و هەڵکردن و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان، سازکردنی سرودی نەتەوەیی(ئەی ڕەقیب) و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان کە بە گشتی جیاواز لە ئاڵاو سروودی نەتەوەیی ئێران بوون، هەروەها بە ڕەسمی کردنی زمانی دایکی بۆ خوێندن و پێوەندی و.... کە هیچ باس لە ئاڵای ئێران و زمانی فارسی و .... نەکراوە کە لە کوردستان لە تەنیشتی ئاڵای کوردی و زمانی کوردی بوونیان هەبێت!

ناساندنی چەندین کەسایەتی زانا و ئەدیبی کورد بە شاعری نەتەوەیی " وەک هێما دێنە بەر چاو، دیارە لەو سەردەمە" مامۆستا هێمن و مامۆستا هەژار وەک شاعیری نەتەوەیی دەسنیشان کراون".

لێرەدا ئاڵا، زمان، کەسایەتی، فەرهەنگ، ماف، نیشتمان و ..... زۆر جار وەک هەڵگری ناوی نەتەوەی کورد پێناسە کراون و وشەی نەتەوەش سەرەکیترین پێناسەی ئەم کۆمارە بووە و بە کۆمارێکی نەتەوەیی، دێموکراتیک و مودێڕن ناودێر دەکرێت.

کۆتایی باس وەک نموونە لە گۆڤاری نیشتماندا کە لەو سەردەمەدا چاپ کراوە ئاوەها باسی نەتەوەی کورد دەکات: "کۆمەڵەی ژ.ک بە هەموو هێز و توانای خۆی تێدەکۆشێت تا زنجیر و کەلەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵێ و لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستا کوردستانێکی گەورە و ڕێکوپێک بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێک بە سەربەستی تێیدا بژیت"....

# بەردەوامیی خەبات لە ڕاسان و هونەردا







نەکەرۆز

هەموو نەتەوەیەک خاوەنی کەلتووری خۆیەتی . کەلتوورێک کە بە درێژایی مێژوو بەرهەمی قۆناغە جیاوازەکانی ئەو نەتەوەیە و سەرەڕای ئاڵوگۆڕگەلێکی سروشتی لەباری فۆرمەوە دەتوانێ پێناسەی نەتەوەی خۆی بێت. ئەزمون و دەسکەوتە مێژووییەکان لەباری چەندایەتی و چۆنایەتییەوە هەمیشە شوێندانەری کەم و زۆری خۆیان بۆ نەسڵەکانی داهاتوو بەجێ هێشتووە و بەربەرە ڕەنگ و بەرامەی فەرهەنگی بە خۆیەوە گرتووە. زۆرجاران ئەو کەلتوورانە بە پیرۆز ئەژمار کراون و بە زمانی سەمبۆلیک لە هونەرە جۆراوجۆرەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە . هونەر هەمیشە خەملاندن یان دەرخستنی جوانییەکان نییە بەڵکوو زۆر جار لە درام و تراژێدیاشدا ڕەنگ دەداتەوە . لە سەردەمی ئێستادا هونەر لە مانایەکی دیاریکراودا قەتیس نەماوەتەوە بەڵکوو تەعریفگەلی جیاجیا لە هونەر هەیە . تێکنۆلۆژی و مودێرنیتە، هونەریان بە سەر ڕەهەندگەلی زۆر و پرش و بڵاودا دابەش کردووە کە لەم وەزعییەتەدا تەنانەت ڕۆحی هونەری خراوەتە پەراوێزەوە و شتگەلی دیکە بە جێگای هونەر لە بازاڕی تجاری و بەرژەوەندی ماددیدا بە نرخی هونەر بە خەڵکانی ناشارەزا و سەتحی دەفرۆشرێت. هونەر بەستراوە بە کات یان شوێنێکی تایبەت نییە . مرۆڤی هونەرمەند دەتوانێ دەلاقەیەکی نوێ بەرەورووی داهاتوو یان ئێستا یان ڕابردوو بکاتەوە و بە ڕوانینێکی تازە سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشێ . لەم سەرنجڕاکێشانەدا هونەرمەند دەتوانێ مەبەستەکانی خۆی بە کۆمەڵانی خەڵک بڵێ . زۆرجار هونەر توانیویەتی شێوەی ژیان و بیرکردنەوەی خەڵک بگۆڕێ . بە گشتی هونەر هەمیشە کەرەستەیەک بووە بۆ نیزیک کردنەوەی ئینسانەکان لە یەکتری؛ هونەر هەمیشە کۆمەڵگای بەرەو پێکەوە ژیان هان داوە .

بەدرێژایی مێژوو هونەر چەکی ڕەوای هونەرمەند بووە بۆ بەگژداچوونەوەی ناعەداڵەتییەکان یان پاراستنی بەها و کەلتورەکانی نەتەوە جیاوازەکان. لە کوردستاندا هونەر لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەر و سێبەری سانسۆڕدا مافی خۆنواندنی کەمتر پێدراوە یان لانیکەم مەیدانی چالاکی هونەری بەرتەسکتر کراوەتەوە هەتا ڕێگا نەدرێ هونەر ببێتە زمانحاڵی میللەتێکی بەشخوراو، بۆیە دەسەڵاتی داگیرکەر هەتا ئەو شوێنەی بۆی کرابێت هونەری ڕەسەنی بەلاڕێدا بردووە یان بە زیندانی کردن و ئازاردان و ئاوارە کردنی هونەرمەندان ڕێگای بە لەدایکبوونی شوێنەواری هونەری گرتووە . ئەم حاڵەتە ئیستبدادی و زاڵمانە هەموو بەشەکانی هونەری بە بێ جیاوازی گرتووەتەوە . دەسەڵاتی داگیرکەر هەمیشە لە هەوڵی سەپاندنی فەرهەنگی خۆی بە سەر نەتەوە جیاوازەکاندا بووە بەڵام هیچ کات نەیتوانیوە لەم بوارەدا بە تەواوی سەرکەوتو بێت چونکە جیاوازی نەتەوەیی، جیاوازی کەلتوری و زۆر جیاوازی دیکەی لە خۆیدا حەشار داوە. خەباتی بەردەوام و خۆڕاگری بە دژی کەلتووری دەرەکی گەورەترین بەربەستی بۆ هێژمۆنیخوازی داگیرکەر دروست کردووە . دەسەڵاتدارانی تاران بۆ سڕینەوە یان کەمڕەنگ کردنی کەلتوورە ڕەسەنەکانی نەتەوەکانی ئێران ڕێگای جۆراوجۆریان تاقی کردوەتەوە چونکە ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەگەر میللەتێک پێبەند بە زمان و کەلتوور و ئەرزشە دیار و ئوستورەییەکانی خۆی نەما، کەم کەم بەرەو ئاسمیلەبوون هەنگاو هەڵدەگرێ و چیدی داگیرکەر پێویست ناکا تێچووی زۆر بۆ هێژمۆنی ناڕەوای خۆی خەرج بکات .

خەبات بە دژی هەر چەشنە هەڵاواردنێک و لە سەرووی هەموویشیانەوە هەڵاواردن و ستەمی میللی هۆکارێکی گەورە بووە بۆ خوڵقاندنی لاپەڕەگەلێکی نوێ و خوێناوی و پڕسەروەری هەتا نەتەوەی کورد نەچێتە ژێر باری زوڵم و ڕەوایی بە دەسەڵاتی ناڕەوای داگیرکەری تاران نەدرێ . درێژەکێشانی ئەم بەرەنگارییە لە ناخی خۆیدا مێژوویەکی نوێی بۆ گەلی کورد دروست کردووە کە پێویستە لە ڕوانگەی جیاجیاوە ئاوڕی لێ بدرێتەوە. مێژوونووسان ئەرکی سەرەکی بۆ نووسینەوەی ئەم قۆناغانە دەکەوێتە ئەستۆیان، بەڵام هەمیشە گێڕانەوەی مێژوو وەک خۆی ناتوانێ بە تەواوی پێناسەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم داگیرکاری و جینایەتانە یان خەبات و سەرهەڵدانانە بکات بەڵکوو پێویستە زۆر جار بە شێوەی هونەری سەرنجی خەڵکی دیکەش بۆ لای ئەم سەردەمە لە مێژوو ڕابکێشرێ. هونەر دەتوانێ بە شێوەگەلی خەسارناسانە، یان هاندەرانە (دینامیک) ، و تاد بێتە مەیدانەوە و دەرگایەکی دیکە بۆ پاراستنی ئەرزشەکانی ڕەسەنی خەبات بکاتەوە . لە هەمان حاڵدا هونەر دەتوانێ زەربەیەک لە عەقڵییەت و گوتاری داگیرکەر بوەشێنێ و لەباری فیکرییەوە مەیدانی جووڵانەوەی لایەنی بەرانبەر تەنگتر بکاتەوە . هونەر دەتوانێ سەرنجی لایەنی سێهەم ( دنیای دەرەوە ) بۆ لای ڕووداوەکان ڕابکێشێ . هەر ئەمەش گوشارێکی کەم و زۆر دەخاتە سەر دەسەڵاتی داگیرکەر و لە بیروڕای گشتیدا چیدی ناتوانرێ چاوپۆشی لە جینایەتەکانی داگیرکەر بکرێ . هونەرێک کە چاوەڕوانی داهاتی نەبێت و بێ جیاوازی بەگژ دەسەڵاتی زێدەخوازدا بچێتەوە یان هەوڵێکی دادپەروەرانە بێت بۆ پێکەوە ژیان و پەرەدان بە ئینساندۆستی، خاوێنترین و ڕەسەنترینی هونەرەکانە . لێرەدا هونەر نەک بۆ هونەر بەڵکوو بۆ ئارمانێکی بەرزی ئینسانی دێتە مەیدانی خەباتەوە .

هونەر شان بە شانی شێوەکانی دیکەی خەبات هەوڵ دەدات واقعییەتی ڕووداوەکان لە زەینی مێژوودا تۆمار بکات . لە هەمان کاتدا دەبێتە پاڵپشتێکی فیکری بۆ بەگژداچوونەوەی زۆرداری؛ هونەرمەند ئینسانێکی دەروەست و خەباتکارە کە خۆی لە میللەتەکەی جیا ناکاتەوە و چارەنووسی خۆی و بەرهەمەکەی و نەتەوە و خەباتەکەی بە یەکەوە گرێ دەدا . هونەرمەندی ڕەسەن سەرەڕای بینینی کەموکوڕییەکان، پشت لە میللەتەکەی ناکات و بە قسە یان بەرهەمی هەستەکی و هووچی گەرایانە نەزمی فیکری کۆمەڵگای خۆی ناشێوێنێت بەڵکوو هونەرەکەی هونەرێکی بەخشەندەیە و بە دڵفراوانی و بێجیاوازی هەموو نەسڵە خەباتکار و گیانفیدابییەکان لە هونەرەکەیدا جێگایان دەبێتەوە . ئەم هونەرمەندانە هیچ کات لە کەلەپووری گشتی و بە تایبەت قۆناغە مێژووییەکانی خەبات دوور ناکەونەوە بۆیە هەمیشە لە دڵی تاریخی میللەتەکەیاندا دەمێننەوە و مێژوو هەمیشە بەڕێزەوە ناویان دەبات . لێرەدا مەرج کەیفییەت یان زۆرینەی بەرهەمە هونەرییەکە نییە بەڵکوو زیاتر فووکوس دەکرێتە سەر دەروەست بوونی هونەرمەند کە بێ چاوەڕوانی بۆ بەرژەوەندی گشتی چاوپۆشی لە بەرژەوەندییە کاتییەکانی خۆی دەکات و لە مەیدانی نابەرانبەری شەڕدا تەوازونی هێز دەگۆڕێ و چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە حەماسە و گیانبازی و خۆڕاگری ڕۆڵە قارەمانەکانیان ئاگادار دەکاتەوە . هونەرمەند دەبێتە هۆی ئەوە کە لاوان پەیوەندی زیاتر بە شۆڕشەوە بگرن و ڕاسان لە دڵی کۆمەڵگادا زیاتر جێ پێی خۆی بکاتەوە .

هونەرەکانی مۆسیقا، فیلم، وێنە هەڵگرتن، پەیکەرتاشی، شێوەکاری و تاد دەتوانن لەم قۆناغە هەستیارانەی مێژووی کوردستاندا هەم پێناسەی ئێستا بۆ داهاتوو بکەن هەم بۆ بەرەوپێشچوونی خەبات و یەکڕیزی نەتەوەیی دەوری کاریگەر بگێڕن . بە پێی حەساسیەتی کاتی، خەڵک و شۆڕش بەردەوام دەبێ زیاتر لێک نیزیک ببنەوە و ڕێگا بۆ بەناو هونەرمەندانی ویترینی بەرتەسک بکرێتەوە . ئەو نەوعە لە بەناو هونەرمەندان کە ئازار و نەهامەتییەکانی میللەتەکەیان نابینن و هیچ کات دەسهەڵگیری بەرژەوەندییە شەخسیەکانیان نابن و تەنانەت لە بەلاڕێدابردنی هونەر و کەلتووردا داردەستی بێگانە و دوژمنن، ناتوانن جێگای خۆیان لە دڵی میللەتی کورددا بکەنەوە مەگەر ئەوەیکە بە خۆیاندا بچنەوە و بێنە ڕیزی نەتەوەخوازانەوە . هونەرمەندی ڕەسەن بە تێکەڵ کردنی خەیاڵ و واقعییەت و سەمبولی نەتەوەیی بەرهەمێک دەخولقێنێ کە ڕەوتی خەبات و قازانجی گشتی بەرەو پێشەوە هان دەدات. هونەر، مادام کە ڕەسەن بێت و لە دڵی کەلتوور و خەباتی میللەتەکەمانەوە هەڵقووڵابێت دەتوانێ هێڵێکی ناسک و قایم لە نێوان ئەرزش و دژە ئەرزشدا بکێشێت. هێڵێک کە بەزاندنی بڤە بێت، هێڵێک کە ڕاسانی ڕۆژهەڵات لە خانەی ئەرزشدا بە سەر تەختی پڕسەروەری و خۆڕاگری و عیزەتەوە ڕاوەستاوە و نەتەوەیەک بە دڵێکی پڕ لە هیوا و گیانبەخشییەوە لە دەوری کۆ بووەتەوە . لە دەرەوەی ئەو هێڵە (دژە ئەرزش) چەکی بێبەزەیی و جینایەتی بەردەوامی دوژمن خوێنی لێدەچۆڕێ و تۆقەنێک کەسی پوچ و بێ مانا و ویڕڕەدرێژی بێ کردەوە بە سەرشۆڕی پێش دوژمن کەوتوون بۆیە دەبێت هونەر لە ڕیسواکردنی ئەم دژەئەرزشانەدا دەوری کاریگەر بگێڕێ . هەر کەس لە لایەن خۆیەوە دەتوانێ هەڵسەنگاندن بۆ ئەم بارودۆخە هەنوکەییە بکات و هەوڵێکی نیشتمانپەروەرانە بدات هەتا بەرەی ئەرزش و هونەری ڕەسەن ڕۆژە سەختەکان تێپەڕ بکەن و نەتەوەکەمان زووتر بە مافە ڕەواکانی خۆی بگات. هەموو تاکێکی کورد دەبێ خۆی لە بەرانبەر مان و سەرکەوتنی پێشمەرگەی کوردستاندا بە بەرپرس بزانێ و هونەرمەندانی دەروەست دەتوانن پێشەنگی کۆمەڵانی خەڵک بن بۆ پشتیوانی لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات .

..................................

........................

(هونەرمەندی ڕەسەن سەرەڕای بینینی کەم و کووڕییەکان، پشت لە میللەتەکەی ناکات و بە قسە یان بەرهەمی هەستەکی و هووچی گەرایانە نەزمی فیکری کۆمەڵگای خۆی ناشێوێنێت )

(هێڵێک کە ڕاسانی ڕۆژهەڵات لە خانەی ئەرزشدا بە سەر تەختی پڕ سەروەری و خۆڕاگری و عیزەتەوە ڕاوەستاوە و نەتەوەیەک بە دڵێکی پڕ لە هیوا و گیانبەخشییەوە لە دەوری کۆ بووەتەوە )

**ویڕڕەدرێژ = ئینسانی بۆڵەبۆڵکەر، کەسێک کە هیچ کردەوەیەکی نییە بێجگە لە زماندرێژی و قسەی زل و بێ مانا**

# شرۆڤەیەک بۆ هەرزانفرۆشیی کەنداو، چابەهار و کاسپییەن

کەیوان دروودی

سەربردەی دەسەڵاتە سەرەڕۆکانی زاڵ بەسەر جوغرافیای ئێران و مێژووی تەژی لە بەرینبوونەوە و بەرتەسکبوونەوەی ناوچەکانی ژێرچەپۆکی ئەو دەسەڵاتانە لە ڕووی سایکۆلۆژیکی، جۆرێک فووبیای لای میراتگرانی ئەو دەسەڵاتانە بەرهەم هێناوە کە زۆر جار لەژێر ڕۆشنایی ئەو ناسەقامگیرییە بەردەوامەدا، ڕێی لە هێنانەئارای باس و خواستی دێموکراتیک گرتووە و کەشی گشتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لە نێو تەپوتۆزی ئەو فووبیایە بە ناوی تەناهی و یەکپارچەیی نوقم کراوە.

ئەم دیاردەیە داڕێژراو و ئامانجتەوەر بووە و لە سەرەوە بۆ خوارەوە شۆڕ بووەتە نێو بیاڤی گشتی و لە ڕێگەی هەڵکەوتوو و ئێلیتی سیاسییەوە برەوی پێدراوە، هەر بۆیەش پێویستمان بە دەرخستنی کۆمەڵێک گرێ و ناڕوونی لە پشتەوەی ئەم دیاردەیەوە هەیە کە هەڵبەت بۆ خۆی بەجیا باسێکی تێروتەسەل هەڵدەگرێ.

وەک نموونە پێویستە ئەوە لێک بدرێتەوە کە بۆچی لە ئەدەبیاتی زارەکی و نووسراوەدا کەمترین ئاماژە لەمبارەوە (دابەشکردن و ڕادەست کردنی جوغرافیای ئێران) بە دەسەڵاتەکان وەکوو بەرپرسیاری سەرەکی نەدراوە و هەرچی هۆکار و تاوان هەیە بۆ دەرەوەی بازنەی دەسەڵات (بێگانەکان، ناپاکەکان، گرووپە جیاییخوازەکان) ئاراستە کراوە. بەهەرحاڵ ئەوەی لەم دەقە مەبەستە، بە دیاریکراوی باسی دوایین نموونەی هەرزانفرۆشیی سامانی گشتیی نەتەوەکانی ئێرانە کە بریتی بوو لە پێشکەش کردنی بێ کەموزیادی سێکوچکەی کەنداو، چابەهار و زەریای کاسپییەن بە چین، هێند و ڕووسیە. گریمانەی ئێمە لێرەدا لەسەر بنەمای هاوبەشی لە خاوەندارییەتی و میراتگریی هەموو پێکهاتەکانە، بەو واتایە کە هەرچی سامان هەیە لە نێو ئێراندا دەچێتە خانەی دارایی و سامانی گشتی و دەبێ لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا بەکار بهێنرێ.

بۆ لێکدانەوەیەکی ورد لەمبارەوە، پێویستە تایبەتمەندیی ئەو ناوچەگەلە کە ڕادەستی سێ وڵاتی ڕووسیە، هێند و چین کراون بزانین و جێگە و پێگەیان بۆ دەسەڵاتی هەنووکەی سەر جوغرافیای ئێران باس بکەین.



ژینگەی سیاسیی ناوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی گرینگترین فاکتە بۆ بەدواداچوونی بەرژەوەندیی گشتی وڵاتان. بەو پێیە دەبێ بەر لە لێکدانەوەی پرسی سەرەکیی ئەم بابەتە ئەو تێبینییە وردە لەبەر چاو بگرین کە ئێران هاوچەشنی هەمان ڕوانگەی ئەمنییەتیی ناوخۆیی کە پێکهاتە ئایینی، ڕەگەزی و نەتەوەییەکان دەگرێتەوە، بۆ دەرەوەش لەسەر بنەمای ئەمنی دەڕوانێتە پرسەکان و هۆی سەرەکیی قەیرانی ئەمنیش سەرچاوە لە تۆتالیتاریزمی نێوخۆ و ئایدیۆلۆژیی چەمهەڵنەگری دەرەکی دەگرێ.

سەرهەڵدانی هەندێک زلهێزی نوێی ئابووری و تەکنۆلۆژیکی وای کرد، ڕێژیمی ئێران کە لە ژینگەیەکی ناسەقامگیری دەسکردی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای دەرەکیی خۆی دەژیا و لە لایەن ئیسرائیل، زۆرینەی وڵاتانی عەرەبیی، پاکستان، ناوچەی قەوقاز و تەنانەت تورکیە وەکوو نزیکترین و ئاخرین ئەڵقەی هێزی ناتۆ هەستی بە مەترسیی "پیلان" دەکرد، ڕوو بکاتە دوو لە سەرەکیترینی ئەم زلهێزە نوێیانە و پارقەکردنی سەرچاوە و داهاتی خەڵکی ناو ئێران لەتەک ئەم وڵاتانە بەرژەوەندیی هاوبەش چێ بکات و ئەمەش ببێتە فاکتێ بۆ پێکبەستراوەیی ئاسایش و مانەوەی خۆیان بە بەرژەوەندی و نەزمی دڵخوازی ناوچەیی ئەو دوو وڵاتە. هەروەها، بابەتی پێسپاردنی کاسپییەن بە ڕووسیەش کە لە ماوەی ڕابردوو دەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی هەبوو لە ژێر ڕۆشنایی ئەم دۆکتۆرینەدا شی دەکرێتەوە.

لێوارەکانی کەنداو بەو وڵاتانە تەنراوە کە بەگشتی لە ڕووی پێوەندی، سیستمی سیاسی و هەروەها پێناسەیەک کە بۆ جیهانی عەرەبی ـ ئیسلامی ـ سوننە هەیانە، بە جۆرێکن کە خۆبەخۆ دەسەڵاتێک کە خۆی بە نوێنەری ئیسلامی ـ پارسی ـ شیعە لە جیهان دەناسێنێ؛ بە بەرەی دژەخۆ دابنێن و بەم پێیەش ڕوانگەیەکی ئاساییان بۆ ڕێژیمی ئێران نەبێ. جیا لەمەش هەبوونی ڕێژەیەکی زۆر لە سەرچاوەکانی نەوت و گاز لە کەنداو و دەروازەیەک کە بۆ هاتوچۆی بازرگانیی جیهانی دروستی کردووە ئەم دژبەرییە ئەوەندەیتر گرژ دەکاتەوە و بەم بۆنەوە لەلای ڕێژیمی ئێران وەکوو بازنەی یەکەمی "مەترسی" پێناسە دەکرێ. هەر لەبەر ئەوەشە کە ڕێژیم هەوڵی داوە تاکوو بە خۆشکردنی شوێنپێی چین کە بە ئەکتەرێکی گرینگی ناوچە و ئاسیا ئەژمار دەکرێ، هاوبەرژەوەندییەک پێک بێنێ و بەم جۆرە پشتگیریی ئەو وڵاتە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و ئەمەش ببێتە گەرەنتییەک بۆ مانەوەی خۆی وەکوو هاوبەشێکی بازرگانیی کۆماریی خەڵکی چین. ئەم بابەتە بۆ چابەهاری بەلووچستان و ڕاکێشانی سەرنجی هێندیش وەڕاست دەگەڕێ. هەڵکەوتەی جوغرافیی چابەهار بە جۆرێکە کە چەند وڵاتی نزیکی خۆی بە ئاوە ئازادەکان دەبەستێتەوە و ئەمەش وادەکات کە ببێتە خاڵێکی ستراتێژیکی لەڕووی بازرگانی، هاتوچۆ و هەروەها گەشتیاری. ڕێژیمی ئێران بە پێسپاردنی ئەم بەندەرە بە هێند لە لایەکەوە پێوەندیی سیاسی و بازرگانیی خۆی لەتەک زلهێزێکی نوێی ئاسیا پتەو دەکات و لە لایەکیترەوە مانەوەی خۆی دەکات بە تەزمینێک بۆ پاراستنی ئەو بەرژەوەندییە بەرچاوەی کە هێند لەم ساتوسەودایەدا دەستی دەکەوێ. ئەوەی لەم ناوەدا دۆڕاوە، کۆمەڵانی خەڵکی بەلووچستانن کە لەم دەفرە بەپیتە نەک پارووێکیان بەرناکەوێ، بەڵکوو لەبەر هێنانی سەرمایەی دەرەکی و هێزی کاری دەرەکی، بێکارتر و پەراوێزخراوتر دەبن. بەلووچستانێ کە ساڵانێکە لە هەژاریدا پەلەقاژەی مان و نەمان دەکات بەم گرێبەستە بە یەکجاری بەرەو لە ناوچوونی حەیاتی کۆمەڵایەتی دەخلیسکێ.

سەبارەت بە کاسپییەنیش هەندێک وردەکاری هەن کە پێویستە قامکی لەسەر دابنێین؛ وەک دەزانین ڕووسیە لە سەرەتاتکەی ڕێژیمی ئێران لە ناوچە زۆرترین کەڵکاژۆی کردووە و توانیویە ئەم هەلە بە قازانجی خۆی بگوازێتەوە و بە تەریک کەوتنەوەی هەنگاوبەهەنگاوی ڕێژیمی ئێران بە پشتیوانیی سیاسی و نیزامیی خۆی ئەو ڕێژیمە دەستەمۆ و چاولەدەستی خۆی بکات و بەم جۆرە نیمچەکۆلۆنییەک بۆ خۆی چێ بکات. ئەم کۆلۆنییە وەکوو کارتێک لە دەستی ڕووسیە بۆ ململانێی ناوچەیی و جیهانی بە کار هاتووە و ئەم بابەتە لە ساڵانی ڕابردوو لەلایەن زۆرێک لە خاوەنڕایان باسی لێوە کراوە.

شوێنێ کە کاسپییەنی لێ هەڵکەوتووە وەکوو بازنەیەکی مەترسی لە سیاسەتی دەرەکی ـ ئەمنیی ڕێژیمی ئێران پێناسە کراوە و ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر جۆر و سیستمی سیاسیی ئەو وڵاتانەی کە دەورادەوری کاسپییەنیان تەنیوەتەوە.

وەک دیارە سیاسەتی ئەم وڵاتانە بە جۆرێک بووە کە شێوەی هاوپەیمانێکی ناوچەیی ئامریکایان بە خۆوە گرتووە و ئەمەش بە واتای ئەوەیە کە لە ئەگەری تەشەنەسەندنی بارگرژییەکانی نێوان ڕۆژئاوا و ڕێژیمی ئێران، ئەم ناوچەیە لای لایەنی یەکەم دەگرێ و ئەولەوییەتێک بۆ ئێران دانانێت.

لەمبارەوە ناکرێ ئەو تێبینییە لەبیر بکەین کە هاوشێوەی هەست و ئیددیعای خاوەندارییەتیی دەسەڵاتەکانی سەر ئێران سەبارەت بە دوورگەکانی کەنداو کە بووەتە دژبەریی مەوجوودییەت و ناسنامەی وڵاتانی ئەو ناوچەیە، ڕوانگەیەکی میراتگرانە لای ئێران سەبارەت بە وڵاتانی قەوقاز بە گشتی و ئازەربایجانیش بە تایبەتی هەیە کە بارگرژییەکی جیئۆپۆلیتیکی لەو ناوە دروست کردووە و ئەمەش بووەتە هۆکار بۆ بێ‌متمانەیی و ڕەشبینیی ئەو وڵاتانە سەبارەت بە ئێران. هەربۆیەش تاقەهیوایەک کە بۆ ڕێژیمی ئێران دەمێنێتەوە وڵاتی ڕووسیەیە کە ئەم وڵاتەش وەکوو کۆلۆنییەک لەتەک دەسەڵاتە هاوچەرخەکانی ئێرانی تەعامولی کردووە و لە ئەگەری گۆڕانێکی جیددی و پێکهێنانی بەرەیەکی جیهانی لە دژی ئێران، بە دڵنیاییەوە بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆی لەبەرچاو دەگرێ.

بانگەشەچیانی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی و فاشیستیی ویلایەتی فەقیهی کە بەناوی پیرۆزمەندیی ئایین و ئێرانەوە ئەم جوغرافیایەیان داگیر کردووە لە پێناو ڕاگرتنی خۆیان لە بەرامبەر لێکەوتەکانی ئەو دوژمنسازییە بێسنوورە کە بەها و بایەخە بەرتەسک و داخراوەکانیان بەسەریاندا سەپاندووە، ئامادەن هەتا هەموو دارایی و سامانی ئەو جوغرافیایە کە میراتی هەموو پێکهاتەکان و نەتەوەکانیەتی بەتاڵان بدەن. لە ڕاستیدا دەستەملان بوونی دوو دێوزمەی نگریسی مێژوو کە بە ڕواڵەت هەرکامە ئەویتر بە هۆکاری کۆلۆنی بوونی ئێران دەزانێ، هۆی سەرەکیی ئەم دۆخەن و نابێ ئەوە لەبیر بکرێ کە ئەم دوو دێوزمەیە تەنیا کێشەیەک کە هەیانە و تاقەخاڵێک کە لەسەری کۆک نین جۆری ئایدیۆلۆژی و ئەولەوییەتی نێوان دوو دروشمی ئێران پارێزی و ئیسلام پارێزییە.

**شوێنێ کە کاسپییەنی لێ هەڵکەوتووە وەکوو بازنەیەکی مەترسی لە سیاسەتی دەرەکی ـ ئەمنیی ڕێژیمی ئێران پێناسە کراوە و ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر جۆر و سیستمی سیاسیی ئەو وڵاتانەی کە دەورادەوری کاسپییەنیان تەنیوەتەوە.**

**ڕێژیم هەوڵی داوە تاکوو بە خۆشکردنی شوێنپێی چین کە بە ئەکتەرێکی گرینگی ناوچە و ئاسیا ئەژمار دەکرێ، هاوبەرژەوەندییەک پێک بێنێ و بەم جۆرە پشتگیریی ئەو وڵاتە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و ئەمەش ببێتە گەرەنتییەک بۆ مانەوەی خۆی وەکوو هاوبەشێکی بازرگانیی کۆماریی خەڵکی چین.**

# ترسی ڕێژیم لە کۆنفرانسی وەرشۆ

بەختیار عوسمانی

مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئامریکا لەم ساڵدا، لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ دیپلۆماتەکانی وڵاتەکەی ڕایگەیاند کە بە دۆست و دوژمن بڵێن: "ئامریکا گەڕاوەتەوە و بۆ پێگەی هێزی خۆی گەڕاوەتەوە"، ئەمە نیشان دەدا کە ئەو وڵاتە دەیهەوێ جێگای خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست بێنێتەوە، یەک لەو شوێنانەی کە زۆر گرنگ و ستراتێژییە وڵاتی ئێرانە کە ئامریکا بۆ ماوەی ٤٠ ساڵە دەرکراوە و تا ئێستا هەوڵێکی جیددی بۆ گەڕانەوەی بۆ ئەو وڵاتە نەداوە، ئێستا کە گەیشتووە بەو قەناعەتەی کە وڵاتانی ڕووسیە و چین خەریکن جێ‌پێی و چنگی خۆیان لەو وڵاتە قایم دەکەن، چاوەڕوانیی لە گۆڕینی سیاسەتەکانی ئێران و تێگەیشتن لە ئامریکا ئاواتێکی بێ ئاسۆیە، بۆیە سیاسەتی هێرش (مەبەستی هێرشی نیزامیی نییە)ی گرتووەتە بەر.

لە درێژەی گوشارەکانی ئامریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ پێشگرتن و ڕامکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە هۆکار و پاڵنەرێکی سەرەکیی بشێوی و نائەمنی لە ناوچە و جیهانە، بڕیارە ئامریکا لە وەرشۆی پێتەختی لەهستان کۆنفرانسێک لە ڕۆژانی ٢٤ و ٢٥ ی ڕێبەندانی ئەمساڵ لەسەر پرسی ئاسایش و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێک بێنێ.

وەک ئامریکا ڕایگەیاندووە ئامانجیان لەو کۆنفرانسە کە وێدەچێ لە ئاستی وەزیرانی وڵاتاندا بێ، بە پێداگری لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژیمی ئێران بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی سەقامگیری و ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام بە دەست کۆمەڵێک گرفت و قەیرانەوە گیرۆدەیە، بەتایبەت لەبواری ئایینییەوە هەمیشە ململانێیەکی خوێناوی هەیە و زۆرجار تووشی پەڕگیری و دەمارگرژی بوون و ناوچەکە و جیهانی بەخۆیەوە خەریک کردووە؛ بۆ ئەوەی هەرکەس و بە شێوەیەک بەرژەوەندییەکانی بپارێزی یان بەدەستی بێنێ. چەندین سەدەیە کە زلهێزەکان لەم ناوچەیەدا دیاریکەر و یاریکەرێکی سەرەکین.

بەدوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لە تاران تێرۆریزم لە شێوەی ئایینییەکەی پەرەی سەندووە و وەک دیاردەیەکی نێودەوڵەتی سەری هەڵداوە، ناردنەدەری شۆڕشی کۆماری ئیسلامی، سەرەکیترین هۆکار بووە بۆ بڵاوبوونەوەی تێرۆر، تۆقاندن و نائەمنی لە ناوچەکەدا، هەر لەم یەک دوو دەیەدا دوو ڕێکخراوی تیرۆریستی "القاعیدە" و "داعش" بە بەربڵاوی و بەهێزی کە هەرکامیان بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆماری ئیسلامی لە پەرەسەندن و پاراستنیاندا پاڵپشتیان بووە سەریان هەڵدا؛ ئێمە دەبینین بە لاوازبوونی ئەو دوو ڕێکخراوە تێرۆریستییە ئاسایش، سەقامگیری و ئازادی لە ناوچە و جیهان دابین نەکراوە کە هۆکارەکەی بۆ کۆماری ئیسلامیی کە ماکەی ئەو ئاژاوەیە دەگەڕێتەوە، بۆیە لەخۆڕا نییە کە وەک بانکی نێودەوڵەتی تێرۆر دەیناسێنن.

بۆ دامرکاندن یان کەمکردنەوەی ئاژاوەکانی ئێران کە بۆ خۆی ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگای تاقم وگرووپە دەستنیشانکراوەکانی لە فەلەستین، سووریە، یەمەن، لوبنان، عێراق و... پێکی هێناوە، وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ناوچەکە(وڵاتانی عەرەبی) بە تایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بە دوای هاتنە سەرکاری دانڵد ترامپ بە شێوەی بەرنامەداڕێژراو و بەردەوام بە ڕێگای تەحریم وگوشاری هەمەلایەنە هەڵیکوتاوەتە سەری و ڕۆژبەڕۆژ پەرەی پێ دەدا، بۆ نموونە هاتنەدەرەوەی لە ڕێککەوتنامەی ناسراو بە بەرجام، گەڕانەوە و دانانی تەحریمەکان بۆ سەر بەرپرسان و دامەزراوە ئابووری، بانکی و سەربازی و... کۆماری ئیسلامی بەچەشنێک خستوونیەتە پەلەقاژەوە، بەڵکوو لە لافاو و کاریگەرییەکانی ئەو هێرشە ڕزگاریان ببێ. سەرلێشیوای سەری بۆ قووڵکردنەوەی کەلێنی نێوان باڵ و بەرپرسانی ڕێژیم کێشاوە، یەکتر بە هۆکاری ئەو قەیرانانە دەزانن، لە ڕاستیدا هەرکامیان بەشێک لە هۆکارەکەن کە لەسەریەک تەواوییەتی کۆماری ئیسلامی ئێران خوڵقێنەریەتی.

کۆنفرانسی وەرشۆ بەهۆی بەشداری کاریگەری وڵاتانی عەرەبی بە تایبەت عەرەبستانی سعوودی و بەڕێوەبەری ئامریکا و بەڕێوەچوونی لەسەر خاکی یەکیەتی ئورووپا بۆ خۆی سەلمێنەری ئەو هاوپەیمانیەتە جیهانییە بە دژی ڕێژیمی تێرۆریستپەروەر و تێکدەری کۆماری ئیسلامییە کە لێرەولەوێ ئاماژەی پێ دەکرێ.

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە وڵاتانی ئورووپایی هاوچەشنی ئامریکا و وڵاتانی عەرەبی دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامین لە ناوچەدا و هەروەها لە سەر پێشگرتن لە بەرنامەی مووشەکی ئێران هەموو لایەک یەکهەڵوێستن و بەردەوام پێداگریی و دووپاتیان کردووەتەوە کە دەبێ واز لە پڕۆگرامە مووشەکییەکەی بێنێ و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە بەتایبەت وڵاتانی سوریە، عێراق و یەمەن و ... نەکا.

کۆنفرانسی وەرشۆ هەر چۆنێک بێ مادام لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باس لە ئاسایش لەو ناوچەیە، گڕوتینی بە ئێران دەگا و ناتوانێ خۆی لێ دەرباز بکا. ئەوەی زۆر گرنگە ئەگەری ئاشکراکردن یان ڕاگەیاندنی هاوپەیمانەتییەکی نێودەوڵەتی بە دژی ڕێژیمی ئێرانە، چەشنی هاوپەیمانیەتی دژی داعش یان ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕێژیمی سەدام حوسەین لە عێراق یان ڕەنگە وەک کۆنفرانسی "گوادلۆپ (بەفرانباری١٣٥٧)" بێ، بەلانیکەمەوەیش کۆمەڵێک بڕیار و چوارچێوە دیاری دەکرێ کە ئێران زیاتر سنووردار دەکا، بۆیە ئێران لەگەڵ ئەوەیکە بە "سیرک"ی ناو دەبا، بەڵام زەندەقی لێچووە و دەیهەوێ بە هەڕەشە پێش لە بەڕێوەچوونی بگرێ و بە هەوڵێکی ئامریکا بۆ درزخستنە نێو یەکیەتی ئورووپای لە قەڵەم دەدا، ئەمانە ئاکامێکی بەدواوە نییە، جگە لەوەی وڵاتان سوورتر و توندتر بە دژی ڕێژیمی ئێران نەکا.

# مردەوەژی



ڕۆژبین بۆکانی

لە ساڵانی پێشوو و ژیانی قەدیمدا کە هێشتا وەرزێڕی ڕەنگی مێکانیزاسیۆن و ماشینیزمی مۆدێڕنی بەخۆیەوە نەدیبوو و لە کەرەستە و ئامرازی دەستکرد و خۆجێیی بۆ کاروباری ڕۆژانە کەڵکیان لێوەر دەگیرا؛ لەو بەینەدا وەختایێک گوریس گرێ پووچکەو پس پس دەبوو و بە هیچ کلووجێک نەدەکراوە؛ گوریسەکەیان لە ناو ئاوی گەرمدا دەکوڵاند تاکوو شل بێتەوە و دیسانەوە کەڵکی پێویستی لێ بگرنەوە. بەم کارەیان دەکوت مردەوەژی، یانی دووبارە ژیاندنەوە، واتە زیندووکردنەوە و چەشنە ژیاندنەوەیەک.

لەم ڕێژیمە زیندووکوژی مردووپەرستەدا کە لە سەر بنەمای فکری و ئیدئۆلۆژی تیئۆکراتیکی خەستی توتالیتێر دامەزراوە، هەموو کارو کردارێکی بە پێوەری ئایدیای چەوتی و بە پاڵۆکەی دواکەوتوویی خۆی دەپاڵێوێ و هەمیشەش بە هۆی تاکڕەهەندی و فیلسواری بوونییەوە پێی وایە قسەی ئەو بەرحەقە و قولانجێک لە سەرووی هەموو گفتێکی ئەو جیهانەوەیە. دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر بیرتەسکی و پس پس بوونی ئیدئۆلۆگی چەقبەستوو و دوگمی بوونی ئەم ڕێژیمە پۆپۆلیستە، کە بە ئامرازی ئایین و ئەرکانی شیعەگەریی ویلایەتی فەقیهییەوە بەشێکی زۆری کۆمەڵگای ڕەشۆکی پێ فریو داوە و دۆڵپائاسا لە سەر بۆقەتەی ملیان پەپۆکەی خواردووە.

فەلسەفەی تەمەنی نگریسی ٤٠ ساڵەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە مردووی بێ بایەخی ناو کۆمەڵگا قارەمان و ئۆستوورە سازبکا .

١. ناوی شەقام و کۆڵانێک نەماوە کە بە ناوی کوژراوێکی ڕێژیمەوە ناو نەنرابێ. بە زەڕەبینی ئیدئۆلۆژی خۆڵەمێشییەوە بن بەرد و بن کلۆی مێژوو دەپشکنێ تاکوو کوژراو و سەربڕاوێک ببینێتەوە و گۆڕەپان و شوێنێکی پێ دەستنیشان و دیاریی بکات.

ئایا لەم وڵاتە تاعون لێدراوەدا هیچ کەسایەتییەکی دیار و مەزنی دیکە شک نابردرێ تاکوو ئۆستوورە و قارەمانیان لێ چێ بکرێت و ببنە کۆڵەکە.

٢ . زۆر بیستراوە کە سەردەمی شەڕی شەرافەتمەندانەی کوردستان، کوردیان بە پیاوکوژ و بە تایبەتی سەربڕ ناو دەبرد. لە پشت ئەم ئایەتەوە دوو ئەندێشەی چڵکن ڕاوەستاون. یەکەم: مەبەست ئەوە بوو کورد لە چاو باقی ناوچەکانی ئێران بە تایبەتی فارسستان بە دواکەوتوویی و بە ناحاڵیبوون ناوزەد بکەن و لەباری دەروونی و فکرییەوە هاندەرێک بێ بۆ ئەوەی ئاسانتر و قورستر هێرش بکرێتە سەری.

دووهەم: لە دەیەی شەستی هەتاوی کاتێ کوژراوانی لایەنی تاران لە کوردستان دەبرانەوە، لە پێشدا لە لایەن ( برادەرانی سپا و ئەرتەشەوە) سەریان دەبڕدرا، یان جەستەیان دەشێوێندرا و بەو شێوە ناحەز و نامرۆڤانەیەوە تەحویلی بنەماڵەکانیان دەدرانەوە و بە هەراو هەنگامەوە، درۆ و بوختانیان بۆ هێزی بەرگریکاری کورد ساز دەکرد کە گوایە پێشمەرگە ئەو کوژرا و دیلانەی سەربڕیوە و ئەوان هەر کرداری ئاوا چەپەڵیان لێ دەوەشێتەوە. بۆ ئەوەی ئاگری تەندووری شەڕ بە خوێنی لاوانی چاو و گوێ بەستووی ئێران خۆشتر بکەن و دوژمنایەتییەکی دێرین و مێژوویی بخەنە نێوان بەرەی کوردستانی و باقی گەلانی ئێرانەوە. ئاخر ئەوسەردەم کوردستان مەڵبەندی هەموو حیزب و لایەنە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی پەت و سێدارە بوو، واتە کوردستان تاقەمەڵبەندی ئازادی حیزبی و بەیانی ئەندێشە بوو.

ئەو لاوانە سەرەتا بە کلیلی بەهەشت لەمل فرییان دەخوارد و بە یاحسێن و ئەڵاهوئەکبەرەوە ڕەمەکی هێرشیان دەکردە سەر کوردستان و دوایە بە سەربڕدراوی لە لایەن ڕێژیمەوە دەگەڕێندرانەوە. زۆر ڕوونە کە ئەو دوژمنایەتییە دووجەمسەری بوو، واتە چونکە بەشێک لە کوردستان لەباری ئایینی و ئایینزاوە سوونی بوو و لەلایەکی دیکەوە چونکە ئازادیخواز و بەرهەڵستکار بوو و تاقە ناوچەی مەترسیداری جێگای ترس بوو بۆ دەسەڵاتی تاکڕەهەندی تاران، پاسداران و چەکدارانی خۆیان تەواو پڕ دەکردەوە کە ئەوانەی لە کوردستان شەڕ دەکەن کافر و (مفسدالارض)ن و جیهادیان دەبێ لەگەڵ بکرێ. هەر ئەوەدەم خومەینی گوتویەتی: "ئێمە لە کوردستان لەگەڵ کورد شەڕ ناکەین لەگەڵ کوفر دەجەنگێین."

بۆ نموونە لە ناوچەی مەهاباد و نەغدە و بۆکان هەموو ئەو کۆمەڵکوژیانەی لە قارنێ و قەڵاتان و گۆلێ و سەوزی و دەیان گوند و شاری دیکەوە کرا، زۆربەیان لە لایەن مەلاحەسەنی ئیمام جومعەی ئەوکاتی ورمێ‌وە بوو کە پشتیوانی ڕاستەوخۆی تارانی لە پشت بوو بۆ سەرکوتی کورد و هەڵگیرسانی شەڕی نێوان کورد و ئازەری.

٣ . دروست کردنی قارەمانی ساختە و بۆ نموونە زۆر لایەن، ئێستاش و لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقیشدا بۆیان ڕوون و ئاشکرا بوو کە بۆ نموونە قارەمانێک بە ناوی محەممەدحسێن فەهمیدە ئوستورە بوونەکەی ساختە و هەڵبەستراو بووە و هیچ عەقڵییەتێک ناتوانێ ئەوە قبوڵ بکات.

ئاشکرایە مان و مەوجودیەتی ئەم دەسەڵاتە لە شەڕ و خوێنڕشتن و شەڕانگێزی و پاوانخوازیدایە. شەڕ قازانجی زۆر بە نرخی بۆ ئەم ڕێژیمە هەبوو. بە شەڕی کوردستان و دواتریش شەڕی ئێران و عێراق توانی پوتانسییەلێکی زۆرگەورەی لاوانی ئێرانی بە کوشت بدا و ئەو مەترسییە لە سەر خوی بڕەوێنێ کە ئەو هێزەی کە توانی دەسەڵاتی شا بڕوخێنێ، ئەگەر ئەو شوورە پۆڵایینە نەڕوخێنێ ئەوان دەسەڵاتە کۆنەپەرستییەکەی ئەو دەڕمێنن.

هەر بۆیە پێویست بوو کە ئۆستوورەیەک ساز بکرێ بۆ ئەوەی بەرەی لاو و خوێنگەرمی وڵاتی پێ هان بدرێ. دەیجا چ شتەیێک لەوە باشتر کە منداڵێکی سێزدە ساڵە بکرێتە قارەمان و خوێن وە جۆش بێنێ. بە دەیان کردەوەی لەو چەشنە توانی تەمەنی شەڕی ئێران و عێراق درێژ بکاتەوە و لەو لاشەوە بە بیانووی شەڕ ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتیان پێ فریودا وەک فیداییەکان، یان سەرکوتی کردن وەک موجاهیدین و باقی لایەنی چەپی ئێرانی؛ هەر بۆیە خومەینی لەبارەی فەهمیدەوە گوتی: "ڕێبەری ئێمە ئەو کوڕە مێرمنداڵەیە کە توانی بە جەستەی خۆی تانکی دوژمن هەڵتەکێنێ".

ئەوە لە حاڵێکدایە کە بەپێی کۆنوانسیۆنی ژنێڤ تێوەگلاندنی کەسانی ژێر ١٨ ساڵ لە شەڕ و بەرەکانی شەڕدا بێ حورمەتی کردنە بە کەرامەتی مێرمنداڵان و کەسایەتی مرۆڤایەتییە و دەبێ منداڵان و مێرمنداڵان لە شەڕ و شەڕانگێزی بە دوور ڕابگیردرێن.

تەواوی مەزنایەتی و قارەمانپەروەری و ئوستورەسازی ئەو ڕێژیمە لە چوارچێوەی شەڕ و کۆنەپارێزی و ئاژاوەگێڕیدا خول دەخواتەوە. شەڕی هەشت ساڵە غەنیمەتێک بوو بۆ درێژکردنەوەی دەوامی نگریسی دەسەڵاتی پاوانخواز.

هەربۆیە دوای شەڕیش و ئێستاش مانۆڕی پڕۆپاگەندەی ڕێژیم لە سەر شەڕ و کوژراوانی شەڕە، بە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق و بە شەڕی کوردستانەوە. بە جۆرێک کە ڕێژیم بەو کوژراوانەوە کاسبی دەکات و سواڵی تەمەنی گەندەڵی خۆی پێوە درێژ دەکات.

٤ . شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق غەنیمەتێک بوو بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی خوێنخۆری و خوێنڕێژی ئەم ڕێژیمە، یانی مان و دەوامی ئەم دەوڵەتە بەستراوەتەوە بە شەڕ و کوشت و کوشتار و شەڕانگێزی و کۆنەپەرستی. هەر بۆیە دوای داکوژانی شەڕی ئێران و عێراقیش و هەتا ئێستاشی لەگەڵدابێ هەر بەیناوبەینێک سیناریۆیەک دەخاتە گەڕ و بە هاوردەکردنەوەی ئێسک و پروسکی قوربانیانی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە، مانۆڕێکی تەبلیغاتی وەڕێ دەخات و دیسانەوە ئاوەزی خەڵک بە تایبەتی بەرەی لاو و تازەپێگەیشتوو گرێ دەدات بە بیرۆکەی شەڕ و شەڕخوازییەوە. بە ڕێکخستنی ئەو کەرنەواڵانە، کەڕڕەنای شەڕ بە گوێی خەڵک و جەماوەری ڕەشۆکی ئاشنا دەکات تاکوو لەباری فکرییەوە ناڕاستەوخۆ ئامادە و تەیاری شەڕ و شەڕخوازی بن؛ زۆرن ئەو شوێن و مەکانانەی چەندین قەبری ( شەهیدانی گومناویان) لێ چێ کراوە تەنانەت حەساری زانکۆ و شوێنە قەڕەباڵغەکان.

٥ . بۆ ئەوەی فکر وئەندێشەی بەرەی لاو. بە تایبەتی خوێندەوارانی پۆلی دواناوەندی و زانکۆکان . بە شوناسی شەڕو کوشتاری بێ بنەماوە گرێ بدات، ساڵانە تۆمار تۆمار کاروانی (ڕاهیانی نوور) ڕێک دەخرێ بۆ دیتن و ئاشنابوون لەگەڵ گۆڕەپانی شەڕ. ئەویش بە ڕێکخستنی شانۆگەرییەکی پان و بەرینی تەبلیغاتی و بە سازکردنی ئەفسانەی سەیر و سەمەرەی چۆنیەتی شەڕو خۆبەکوشتدانی فیداییەکانی ویلایەتی فەقیهی.

٦ . ئێستاش کە دەیان ساڵ بە سەر شەڕی بە ناو دیفاعی موقەدەسدا!! تێپەڕیوە، هێشتا نەهامەتییەکانی ئەو بەڵایە یەخەی خەڵکی داماوی بەرنەداوە و کەشکۆڵ و عاسای ئەو شەڕو کوشتارە هەر تەقەی دێ و مێشکان دەسوێ. هەموو هەوڵیان بۆ زیندووڕاگرتنی ئەو فکر و ئەندێشە کۆنەپەرستانەیە و لە هەموو بەرگە و ئێعلانی دامەزراوی ئیدارییەکاندا چەندین خاڵ گونجێندراوە لەمەڕ چەندایەتی و چلۆنایەتی بەشداری کردن لەو شەڕەدا کە ئایا تۆ و بنەماڵەکەت لە ڕیزی کوژراوان یان بەدیلگیراوان، یان کەمئەندام و بێ سەروشوێنبواندای.

ئێستاش ئەو زێهنیەتە کوێر ناکەنەوە کە تۆ بە مەرجی شەهید بوون، کەمئەندام بوون، دیل بوون و... جێگای بەقا و باوڕی ئەو ڕێژیمەی و بەو مەرجانەوە خزمەتگوزاری تایبەتیت ئاراستە دەکرێ .

٧ . لەم ڕۆژانەدا سیناریۆیەکی نوێیان خستوەتە گەڕ کە کوردگوتەنی ئەگەر لە سەر نانی دانێی سەگ بۆنی پێوە ناکات؛ ئەو سیناریۆیە بریتییە لەوەیکە، کچان و ژنانی بەسیجی و "دختران زینبیە" هان دەدرێن بۆ ئەوەی بچنە قەبری کوژراوانی شەڕ و هەر یەکەی خۆی لە ڕۆحیانەتی سەربازێکی گیان بەختکردووی وولایەت مارە بکات و پەیمانی نیکاحی شەرعی لە گەڵ ئەو قەبرە دابەستێ؛ بە واتایەکی ڕوونتر جیهادی نیکاح لەگەڵ مردوویەک! واتە دووبارە زیندووکردنەوەی ئیدەیەکی مردوو، نۆژاندنەوەی ئەندێشەیەکی ژەنگگرتوو و قورماوی. ئەوە بە واتای پەرەپێدانی کلتورێکی ژەنگ‌وژاوگرتووی خوڕافەیی و شەرانگێزی و توندئاژۆیی و کۆنەپەرستییە.

وەختایێک دەگوترێ باوکی داعش و داعشییەکان و حکومەتی تەواو ئیسلامی عێراق و شام خودی ویلایەتی فەقیهی پەت و سێدارەیە، وتەیەکی تەواو پڕ بە پێست و پڕمانایە. ئاخر ئەوە نییە ئەم ڕێژیمە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەموو پڕەنسیپەکانی داعشی بوونی ڕەچاو کردووە و بەدرێژایی تەمەنی نگریسی خۆی کردوویەتە کردار و ئەرزش و بەهای پێ دەدات.

داعش لەگەڵ زیندووەکاندا جیهادی نیکاح دەبەستێت، بەڵام ئەمان لەگەڵ مردووەکاندا جیهادی نیکاحی مەییت دەبەستن .

تۆ لە هەر هەنگاوێکی ئەم ڕێژیمەدا کۆدگەلێکی ڕوون و ئاشکرا دەبینی بۆ دژەمرۆڤبوون و سەرچاوەی تێرۆریزم بوونی ئەم دەسەڵاتە.

ئەم ڕێژیمە هەر بەو پۆپۆلیسمییەی خۆی واتە (تەقیە) و بەو دوگماتیزمبوونەی توانی لە پازدە بیست ساڵی عومری خۆی ئۆپۆزیسیۆنی پێ سەرکوت و پەڕەنگ پەڕەنگ بکات و بە دامەزراندنی شێوە کونسێرواتخوازەکان جەماوەرێکی ساویلکە . هەرچەند بەناو ئێلیت و نوخبە . وەشوێن خۆی بخات و تەنانەت ببنە داردەستیشی.

سەردەمی ئینقلاب، توودەییەکان و بەشێک لە چەپەکان، دواتر میللی مەزهەبییەکان و پاشان شۆوینیزمی فارسیزم و ئێستاش بەناو ڕیفۆرمیستەکان بەهیوان بە بێژنگ تینویەتی خەڵکی شار بشکێنن؛ ڕیفۆرمیستی ناوخۆ و دەرەوە کە هەر دووکیان باڵی ڕەشی قەلەڕەشەیێکن، هەموو هەوڵیان بۆ مانەوەی ئەم ڕێژیمەیە، چونکە باش لێی ئاگادارن ئەمە ئاخرین و دوایین حکومەتی سانترالیزم و ناوەندگەرایە. هەر بۆیە هەموو هەوڵ و کۆششیان لەپێناو ڕیفۆرمخوازی کیسەڵئاسادا قەتیس کردووە تاکوو بەشکم هەروا بە سەرەڕۆیی و ئاغایەتیدا بمێننەوە، بەڵام لە واقع و لە ئەساسدا گلۆڵەیان کەوتۆتە لێژی.

**ڕێفۆرمیستی ناوخۆ و دەرەوە کە هەر دووکیان باڵی ڕەشی قەلەڕەشەیێکن، هەموو هەوڵیان بۆ مانەوەی ئەم ڕێژیمەیە، چونکە باش لێی ئاگادارن ئەمە ئاخرین و دوایین حکومەتی سانترالیزم و ناوەندگەرایە.**

**لەم ڕێژیمە زیندووکوژی مردووپەرستەدا کە لە سەر بنەمای فکری و ئیدئۆلۆژی تیئۆکراتیکی خەستی توتالیتێر دامەزراوە، هەموو کارو کردارێکی بە پێوەری ئایدیای چەوتی و بە پاڵۆکەی دواکەوتوویی خۆی دەپاڵێوێ و هەمیشەش بە هۆی تاکڕەهەندی و فیلسواری بوونییەوە پێی وایە قسەی ئەو بەرحەقە و قولانجێک لە سەرووی هەموو گفتێکی ئەو جیهانەوەیە.**

**شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق غەنیمەتێک بوو بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی خوێنخۆری و خوێنڕێژی ئەم ڕێژیمە، یانی مان و دەوامی ئەم دەوڵەتە بەستراوەتەوە بە شەڕ و کوشت و کوشتار و شەڕانگێزی و کۆنەپەرستی. هەر بۆیە دوای داکوژانی شەڕی ئێران و عێراقیش و هەتا ئێستاشی لەگەڵدابێ هەر بەیناوبەینێک سیناریۆیەک دەخاتە گەڕ و بە هاوردەکردنەوەی ئێسک و پروسکی قوربانیانی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە، مانۆڕێکی تەبلیغاتی وەڕێ دەخات و دیسانەوە ئاوەزی خەڵک بە تایبەتی بەرەی لاو و تازەپێگەیشتوو گرێ دەدات بە بیرۆکەی شەڕ و شەڕخوازییەوە.**

# لێدوانێک لەسەر سیستێمێکی سیاسیی فیدراڵی



سۆران شەمسی

ڕێژیمی حاکم لە ئێران کە هیچ شتێکی نەماوە بۆ خەڵک باس بکات و بیخاتە بەردەست،هەموو هەوڵی خۆی دەدات بۆ بەردەوام بوونی خۆی لە دیکتاتۆری و مانەوە لە دەسەڵات، ئەیهەوێ بە پەتی پۆسیاو و گەندەڵی و دەمارگرژی میللی و قەومی و نژادی و نەتەوەیی و زمانی خەڵک بخاتە ناو چاڵ و خۆی لە دەسەڵات بمێنێتەوە. پڕئاشکرایە کردنەوەی گرێی کێشەکان و پێشکەوتنی وڵات بە دارشتنی بەرنامە و پلان لە ڕێگای هاندان و هاوبەش کردنی هێزی زانا و خەڵکی ڕۆشنبیر و دیموکراتیک ئێمکانی هەیە. کۆمەڵگای بەشەری بە هەمان ڕێژە کە لە تێکنۆلۆژیا و دەسپێڕاگەیشتن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زانیاری زیاتر و زۆرتری بەدەس هێناوە، پێشوازی لە ئازادیش یەکێک لە شانازییە هەرە گەورەکانی بەشەری و باشترین دەسکەوتی کۆمەڵگای ئینسانییە لەم سەدەی ئێستادا.

ئازادی نەتەنیا بووە هۆی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا بەڵکوو بووە ئاوێنەیەک لە عیلم و فکریەت و عەقلیەتی ئینسانی؛ نووسینی ئازادی لە یاسای جیهانی مافی مرۆڤ و یاسای نەتەوەیەکگرتووەکان و یاسای زۆربەی وڵاتانی دونیا، نیشان دەدات کە کۆمەڵگای بەشەری چووەتە قۆناخێکی نوێ و جیاواز، ئازادییەک کە بووەتە هۆی تەحەممول کردنی ئەو هەموو ڕەنج و شەڕ و نابەرابەرییەی کە کۆمەڵگای جیهانی داگیر کردووە و ئەگەر ئازادی نەبێ ژیانیش مانایەکی ڕاستەقینەی نامێنێ، لە نێو ئازادیدایە کە هەستی ئینسان بوونی مرۆڤەکان پەرە دەستێنێ و بەستێنێک بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا و ئینسانیەت دروست دەبێت، ئینسان بە بێ فکریەت و عەقڵیەت مرۆڤ نییە، بۆیە ئەگەر کەسێک یان کۆمەڵگایەک لە بواری ئابووری و هێزی سیاسی هیچ کێشەیەکی نەبێ بەڵام ئازادی بوونی نەبێ یان کەسێک نەتوانێ بیروباوەڕی خۆی بە بێ هیچ مەترسییەک لە حاڵەتێکی ئازاددا دەربڕێ، وەها کۆمەڵگا و مرۆڤێک لە وەزعیەتی باشی ئینسانی و ئینسانیەت دوور دەکەوێتەوە. لەبەر ئەوەیە کە دەتوانین بڵێین ئازادی یەکێکە لە جوانترین و بەڕێزترین و بێ وێنەترین دەسکەوتەکانی بەشەر کە لەسەر ئەساس و بنچینەی عەقڵیەت و فکریەتێکی ئینسانی، مرۆڤ لەم سەردەمەدا بە دەستی هێناوە.

وڵاتی ئێران ساڵانێکی زۆرە لە چوارچێوەی حکومەتی سیاسی سەرەڕۆدا بووە و حکومەتەکان و دەسەڵاتداران بە شێوازی دیکتاتۆری خەڵک و وڵاتیان لەژێر دەسەڵاتی خۆیان گرتووە هەر بۆیە ئەم وڵاتە بە بۆنەی کان و کانزا سرووشتییەکان و هەلومەرجی جوغرافیایی، بە تایبەت لەبواری ئابووری و سیاسییەوە نەیانتوانیوە کە وڵاتی ئێران بەرەوپێش ببەن کە هۆکاری جۆراوجۆری هەبووە و هەیە کە دەتوانین گرینگترینیان لە کۆبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە یەک جێگا و لە دەستی یەک کەس یان گروپێک ناو ببەین، بۆیە حکومەت و سیاسەت هەموو کات لە یەک جێگا بە ئەژمار دێت، لە حاڵێکدا کە وڵاتی ئێران لە نەتەوە و زمان و کلتور و ئایینی جۆراوجۆر پێکهاتووە بەڵام زۆربەی دەسەڵاتدارانی رابردوو لە نێو حکومەتی خۆیان هەمووکات لەژێر سەیتەرەی ئایین و کلتوری تایبەت بە خۆیان بوون و لە گرتنی گرینگترین بیر و بۆچوون و بڕیارەکانیاندا لە چوارچێوەی وڵات، بە شێوازێک بووە کە بەرژەوەندی ئایینی و کلتوری خۆیان گرینگتر بووە تا بەرژەوەندی وڵات و خاک و خەڵک و ئایین و کولتوری نەتەوەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتیان و ئەگەریشی هەبووە کە لە داسەپاندنی ئەو بڕیارانە زوڵم و ستەمێک کە لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران کراوە لەبەر چاو نەگرتبێ، دواجاریش ئەم فکریەت و عەقڵیەتە هەم لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هەم لە دابەشکردنی سەروەت و سامانی وڵات و هەم لە بەکارهێنانی ئیمکاناتێک کە لە ناو وڵاتدا هەیە زیاتر بۆ بەرژەوەندی خۆیان بێت، کە لەلایەک دەبێتە هۆی ناسازگاری خەڵک و راپەرینی چینی هەژار و زوڵم لێکراو و لە لایەکی دیکەش دەبێتە هۆێ لەناوبردنی هەست و ڕاگرتنی کاروچالاکی زانایانی بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و... کە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانە بۆ پێشکەوتنی هەر وڵاتێک، کە بەداخەوە ئەم شێوازە تا ئەمرۆ لە، ناو حکومەتەکانی ئێران بەتایبەت ڕێژیمی ئاخوندی بەردەوامە.

لێرەدایە کە پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاربەدەستانی گەندەڵ و دیکتاتۆرهەنگاوی بەهێز و بەکردەوە تا گەیشتن بە ئامانجەکان و رووخانی دیکتاتۆرەکان هەڵبگرین، تێڕوانین و لێکدانەوەی زیاتر لە یەک سەدە و دەرکەوتنی راستییەکان نیشان دەدات کە حکومەتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان نەتەنیا ناتوانێ لە کانی و پۆتانسیەڵە سرووشتی و ئینسانییەکان بۆ بەرەوپێشچوونی وڵات لە بواری سیاسی و ئابووری کەڵک وەربگرێ بەڵکوو لەگەڵ کۆمەڵگاکە و خەڵکی خۆی تووشی کێشە و تێکهەڵچوون دەبێ کە دەتوانین ئاماژە بە ئێعدام، زیندانی کردن و ئەشکەنجەی خەڵک بکەین، کەواتە بەردەوام بوونی ڕێژیمی دیکتاتۆر و سەرەڕۆ تەنیا دەبێتە هۆی:١. لەنێوچوونی کانی و کانزا سروشتییەکان ،٢. بەردەوام بوونی ناعەدالەتی ،٣. تێکچوونی وەزعی ئابووری، ئەمنیەتی ونیزامی و زیاد بوونەوەی کێشەی نەتەوەکان و بەرگری لە پێشکەوتنی خەڵک و وڵات؛ بەم هۆیەوەیە کە کاتی ئەوە گەیشتووە کۆمەڵگای ئێمە بە فکریەتێکی هاوبەش، دیتنی راستییەکانی ئێستا، ئەزموون وەرگرتن لە رابردووی خۆمان و ئەزموونی نێودەوڵەتی بەستێنێک ساز بکەین بۆ بەرەو پێشچوونی وڵات هەم لە بواری سیاسی و هەم لە بواری ئابووری کە هاوکات و هاودەنگ بێ لەگەڵ کۆمەڵگا بۆ لەنێوبردنی ڕێژیمی دیکتاتۆری.

باس و لێکدانەوە و تێڕوانینی ئێمە لەسەر سیستمێکە کە حکومەتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان لە ئەنجام دانی عاجزە و ناتوانن و ئەمەش بە درێژایی مێژوو سەلمێنراوە. ئێران بەستەرێکی زۆر باشی هەیە هەم لە بواری سرووشتی(خاک ،کانی ،دارستان ،ئاو)و هەم لە بواری ئینسانی(نفووسی زۆر بە تایبەت خەڵکی تێکۆشەر و کرێکار) و هەروەها جیاواز لە بواری جوغرافیای سیاسی و ئابووری، بەڵام بە هۆی نەبوونی سیستمی حکومەتێکی دێموکراتیک و فیدراڵی و نەبوونی زانیاری و عیلم و بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئیستراتژیکی کە زیاتر لە تایبەتمەندییەکانی نیزامی دیکتاتۆری و سەرهڕۆیە و بە هۆی بوونی دیکتاتۆریەت نەیانتوانیوە تا لەو هەموو ئیمکاناتە بە شێوازێکی باشتر بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا کەڵک وەربگرێ و بەستەرێک ساز بکات کە نیشتمان لە بواری سیاسی و ئابووری و رفاهی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو بێت و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەیکە نیشتیمان کاتێکی زۆر هەم لە بواری مادی و مەعنەویشەوە لە کیس بدات.

زێاتر بەو هۆکارانە کە گوتمان دەتوانین باس لەوە بکەین کە:

١. نیزامی سەرەڕۆ نەتەنیا نەیتوانیوە کانی و زەرفیەتەکان کە لە نێو وڵات و کۆمەڵگا هەیە بە باشترین شێواز کەڵکیان لێوەر بگرێ، تەنانەت نەیتوانیوە لە هێزی چالاکی کۆمەڵگا لە جێگای خۆیان، لە پسپۆڕیان کەڵک وەربگرێت و مودیریەتیان بکات و بەداخەوە لە کاتی راپەرین و نارەزایەتی خەڵکی دانیشتووی ئێران رەوتی بڕیاردان لە ئێستای ڕێژیمی ئاخوندی بە بەکارهێنانی هێزی ئەمنیەتی و نیزامی بۆ سەرکوت کردنی خەڵکە.

بڕیارەکان تایبەتی لە دەستی چەند کەسێکدایە و لەسەر ئەساس و فکریەتێکی دیکتاتۆری کە هەیانە بڕیاری کۆتایی دەدەن و بڕیارەکە دەبێتە هۆی لەنێوچوون و وێرانی شار و گوند و کوشتنی خەڵکی بێ تاوان و هەروەها لەنێوچوونی رادەی توانین و ئیفلیج بوونی کار وکەسابەتی خەڵک و دواجاریش دەبێتە هۆی داتەپینی ئابووری و هیچ کەسێکیش بەرپرسیار نییە لە وەزعەکە و کەسیش جواب ناداتەوە، چوونکە سیستمی وڵامدانەوەی ڕژێم بریتییە لە گرتن و زیندانی کردنی خەڵک بە تۆمەتی جۆراوجۆر و دوور لە راستی وەکوو پڕوپاگەندە و هەڕەشە بەدژی ئەمنیەتی میللی و حکومەتی ئیسلامی کە زۆر جار بە ئێعدام و زیندانی کردن کۆتایی دێت.

٢. نەتوانینی حکومەتی سەرەڕۆ و دیکتاتۆر بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەت و دابینکردنی دێموکراسی و دەوڵەتی نەتەوەیی و خۆشبژێوی و ئارامش بۆ کۆمەڵگای شارۆمەندی خۆی.

٣. نەتوانایی سیستمی سەرەڕۆ بۆ دابینکردنی بەستێنێک بۆ شکڵ گرتنی نەتەوە، کلتوور و شوناسی نەتەوەیی و دەرکێکی تایبەت لە رەفتار و کردار وقازانجە گشتییەکان بەهۆی خۆبە زلزانینی یەک نەتەوە و زمان

٤. نەتوانایی لە ئامادەکردنی بەستێنێکی باش بۆ بەرەوپێشچوونی وەزعی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

٥. بڕیاردانی زۆر گەورە کە دوور لە چاوی خەڵک لە لایەن کەسانێک کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە دیکتاتۆرەوە هەیە و زۆربەشیان نەخوێندەوارن دەدرێت کە لە ڕێژیمی رابردوو بڕیارە سەرەکییەکان کە لە بنەماڵەی پاشایەتی بوو لە بەرژەوەندی خۆیان و زەرەری خەڵک بووە

٦. نیزامی سەرەڕۆ هاوکاتە لەگەڵ هەڵاواردن و دووچاوگی و زوڵم کە لەم حاڵەتەدا ئیستعداد، داهێنانەکان، دڵخۆش بوون بە ژیان و کاری ئابووری شانسی گەشەپێدان و بەرەوپێشچوون لە دەست دەدات.

ئێستا ئەم سیستمە دیکتاتۆر و توتالیتاریستە جگە لە دزی و تاڵان کردنی سەروەت و سامانی نیشتمان و قەتڵ و کوشتنی خەڵکی بێ تاوان بۆ بەردەوام بوونی خۆی کارێکی دیکە ناکات و پێویستە خەڵک و ئەحزابی ئۆپۆزسیۆن و کۆمەڵگای مەدەنی لەوە زیاتر کات لەدەست نەدەن وچاوەڕێ نەکەن و سەرەکیترین کاریان ئەوە بێت کە بە یەک بوون و پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش و هاودەنگ ببنە هۆی ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆری ویلایەتی فەقیە، و پیلان و بەرنامەی دەوڵەتێکی دێموکرات و پێشکەوتوو لە هەموو بوارێکدا دابڕێژن؛ لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە نیزامی سیاسی دێموکراتیک و هەمەلایەنە و فیدراڵ باشترین خاڵە بۆ داهاتووی ئێران، چوونکە ئەم جۆرە حکومەت و نیزامە سیاسییە لە بەڕێوبردنی وڵاتانێک بووە کە لە چەند نەتەوە و زمان و کلتور و هەرێمی جیاواز پێکهاتووە، ئێران کە لە چەندین نەتەوە و زمان وئایین پێکهاتووە، حکومەت و نیزامی سیاسی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری ئەزموون کردووە کە ئێستایش هەر ئەو سیستمە بەردەوامە، گرینگترین ئامانج لە نیزامی دێموکراتیک بەتایبەت دێموکراتیکی فیدراڵ ئەوەیە کە هەم شوناس رابگرێ و هەم خەڵک مافی دابینکردنی پلان بۆ داهاتووی خۆیان هەبێ و یەکیەتی و یەکپارچەیی نیشتمان رابگردرێت و وەها حکومەتێک کە دەسکەوتی سیاسی و ئابووری کە لەگەڵ یەک تێکەڵ بوو و لەناو حکوومەتی ناوەندی گەرەنتی یەکپارچەیی و یەکیەتی نیشتمان و هەرێمە فیدراڵییەکان وەکوو ئازادی خەڵک و بەرابەری نێوان نەتەوەکان بکات.

گرینگتر لە هەموو شتێک لە حکومەتی فیدراڵدا، دەسەڵات و کانی و کانزایەکان و ئیمکانات و تواناکان لە نێوان حکومەتی مەرکەزی و هەرێمە فیدراڵیەکان دابەش دەکرێ، بەڵام بەگشتی ئەوە حکومەتی ناوەندییە کە لەسەر پرسە نیشتمانییەکانی وەک ئەمنیەت و بەرگری، سیاسەت و پەیوەندی و پەیوەندییەکانی دەرەوە، پرسە پەیوەندیدارەکان بە بەرنامە و پلانی نیشتمانی، ئیستراتیژی بەرەوپێشچوونی ئابووری، سیاسەتی ماڵی و پووڵی و سەروەت و سامانی نیشتمانی بڕیار دەدات، زیاتر لەوە ئامانجی هەرەگرینگی حکومەتی دێموکراتیکی فیدراڵ، چارەسەری هەمیشەیی کێشە سەرەکییەکان وەک یەکپارچەیی دایمی، دامەزرانی نیشتمان و شوناسی نیشتمانی، پەرەسەندن وبەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا لەبواری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، بەپێچەوانەی بیروباوەڕی بڕێک لە دژبەرانی فیدرالیزم و نیزامی فیدراڵی، ئەزموونی وڵاتان نیشانی داوە کە وڵاتانی چەند نەتەوەیی توانیویانە بە شێوازی فیدڕاڵی لە جیابوونەوە و پارچەپارچە بوونی وڵاتەکەیان بەرگری بکەن و بە یەکبوونەوەیەکی پایدار ببنە هۆی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی نیشتمانەکەیان، لەبەر ئەوەیە لە کارزاری کردەوەدا فیدراڵیزم باشترین نیزامی سیاسییە بۆ وڵاتانێک کە لە چەند نەتەوە و کلتوور و زمان و ئایینی جیاواز پێکهاتووە.

فیدراڵیزم نەتەنیا دەبێتە هۆی یەکسانی ئابووری بەشی جۆرواجۆری جوغرافیای نیشتیمان، بەڵکوو مانا بە هەرێمەکانیش دەبەخشێ و نیزامی فیدڕاڵی ئابووری هەر هەرێمێک دەبێتە بەشێک لە ئابووریی وڵات و لە دارا بوونی ئیختیاراتێکی زۆر بۆ دارشتنی بەرنامەو پلان بۆ پێشبردنی کاروباری ئابووری خۆی و لە بەشەکانی دیکە کە بەشی سیاسەتی ئابووری نیشتمان کە پەیوەندی بە حکومەتی ناوەندییەوە هەیە، بەڵام ئاستی دەسەڵاتی ئەو هەرێمانە لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە فەرق و جیاوازی هەیە، لە زۆربەی وڵاتە دێموکراتیکە فیدراڵەکاندا پایداری و سەقامگیرییەک لەبواری ئابوورییەوە بوونی هەیە کە لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە ڕێبەری دەکرێ، بۆیە لە بواری ئەزموون و واقعیەت هیچ مەترسییەک لەسەر نیزامی فیدڕاڵی ئەساس و بۆنیانی نییە، تەجرووبەی نێودەوڵەتی سەلماندویەتی کە پێشکەوتن و پەرەسەندنی نیشتمانێک کە بە شێوازی حکومەتی سیاسی فێدڕاڵییە، کردەوەی سیستمی ئابووری و ماڵی و پووڵی لەم وڵاتانە لەبەر وجوودی ئازادی کار و کاربەدەستانی ئابووری و(حکومەتی کرێکاران و بەکاربەران) لەسەر ئەساسی یاسا و سیستمی ئابووری بازاڕ دابین کراوە، سیاسەتەکانی سیستمی ئابووری و ماڵی شەفاف و روون لەگەڵ چۆنیەتی ئەو سیستمەوە شکڵ دەگرێ، لە نێو حکومەتی دێموکراتیکی فیدراڵدا ئەنگیزە لە بەڕێوبردنی سیاسەتە ئابووری و ماڵییەکان بەنیسبەت نیزامی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری زیاترە، پلان و ئیجرایی کردنی پرۆگرامەکانی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی پێداویستییەکان بە شێوازێکی ورد بە لەبەرچاوگرتنی ئیمکانات و تواناییەکان لەگەڵ هاودەنگی لە فەزایەکی دێموکراسی لە ئاستی هەرێم و دەوڵەتی ناوەندیدا ئیجرا دەبێت، لە حکومەتی فیدڕاڵدا وڵات بە هەرێمە جوغرافیایی و نەتەوەییەکان دابەش دەکرێ کە هەر کامیان لە ئیمکانات، توانایی، سەرچاوە، تایبەتمەندی سروشتی و ئینسانی تایبەت پێک هاتووە، ئەم دابەش کردنە بەستەرێک ئامادە دەکات تا هەر هەرێمێک لەسەر ئیمکانات و تایبەتمەندییەکانی خۆیان بەرەوپێش بچن و لە کانی و سەرچاوە سروشتی و ئینسانییەکان تا دەتوانن کەڵک وەربگرن.

کورتەیەک لە پەخشانە شێعری

# ئەو ڕۆژەی لە سەهۆڵبەندانداا مەهاباد پاڵتۆکەی فڕێ دا!!



... لەو ڕۆژەدا، برسێتی ببوو بە تێریی
گژوگیای دەم گۆنەکردوو دیسانەوە کەوتنە قسە.
درەختەکان ئەوانەی باش ئەیانزانی تەمەنیان ڕووەو هەڵدێرە بە پێی خۆیان ئەهاتن بۆ لای
ئازادی. بۆ ئەوەی بیانسووتێنێ تا بەچکەکان و جووجەڵە و بنچک و زەرنەقووتەی ناو هێلانە و ئەو
ساوایانەی ئەو ڕۆژە لەدایکبوون زریان ڕەقیان نەکاتەوە و نەمرن لەوێ.
لە ڕۆژێکی بە ڕۆژژمێر وەکوو ئەمڕۆ و
بەڵام بە دڵنیایی وەک ئەمڕۆ نا لەوێ.
چۆلەکەکان ئێستا لەوێ لەسەر دار و
گوێسەبانە هەموو بە دەم فڕینەوە،
جوانووەکانیش ئێستا لەوێ
بەدەم حیلە و کوڕژنەوە،
پەلکەگیاکان، پەیژە هەرە بچکۆلەکان،
وردە گەڵا، کڵاوڕۆژنەی شێعرەکان،
سەماوەر و زاری تاوڵە دۆمینە و
تا دووکەڵی زۆپاکان و چەو و لمی
سەر بندینی ڕووبارەکان، قفڵی زیندان،
گوارە و ملوانکەی ژنەکان،
کلووی بەفر، "با"ی هەڵاتوو.
هەموو لەوێ، هەموو لێرە، هەموو لەولا
هەموو هەموو.. هەزار.. هەزار
ئەڵێن ئەڵێ نیشانمان دەن وەکوو ئاسمان
ئەڵێن ئەبێ بیانبیسین وەکوو سەمتوور و
بۆنیان بکەین و وەک چۆن بۆنی
لیمۆ و شێعر و منداڵ ئەکەین..
بێنە دەرێ لەگەڵ هەتاو، بێنە دەرێ
چاوەکانی عەدنان پوور و
سروودەکانی "بوتیمار".
لە ڕۆژێکی بە ڕۆژژمێر وەکوو ئەمڕۆ و
بەڵام بە دڵ وەک ئەمڕۆ نا
لەم ڕۆژەدا.. پیاوێک لە گوڵی دارچواڵە
باوەشی کرد بە مێژوودا..
بەفر و چواڵەی لەگەڵ یەکدا موتوربە کرد..
لە دواییدا درەختێ هاتە دنیاوە
گۆمی ورمێ ناوی لێنا درەختەکەی هەتاوی کوردا!
لە شەست ساڵ زیاتری برینەوە لەمەوبەر
لە شەست ساڵ زیاتری سێدارەوە لەمەبەر
ئەو ڕۆژەی لە یەکەمین جووتبوونی نێوان
ئازادی و زستاندا و لەسەر کاسەی بەفر
بەهارێ زا و ناومان لێنا ڕووناکیی.
ئەو ڕۆژەی بۆ یەکەمین جار لە دەربەندی ترس و بیمدا
پیاوێک ڕەشەبای ڕامکرد و چارەنووسی لە ئاگردا جڵەو کرد و
ئەسپەکانیش ناویان لێنا پێشەوا
ڕۆژ دێ و ئەڕوا..
دەیان سەدەیش لە دوای من
هەر لەم ڕۆژە بەفرینەدا لەسەر مانگ بێ و
لەسەر ئەرز بێ و لە شاخا..
شاعیرێ دێ بە مەشخەڵان بنووسێ
لە بیرمانی ئەی کۆماری خۆشەویستی و
ئەی درەختی پێشەوا!

ژیلا سەلیمی

## بۆ پێشەوا

وەرەی پێشمەرگەکانی دێموکرات
قەندیل ئاسا
بەرزو بەرزترە لە هەورەگرمە
بە تینترە لە ئاگر
خەباتیان پۆڵاییترە و
بەرەو لووتکە هەنگاو دەنێن.
١١ مۆمی نەکوژراوی
کۆماری کوردستانیان هەڵگرتووە
بە سروودی ڕێبەندان ڕێبەندان
کووچــە و کۆڵانــــــــی مەهابادیان
خرۆشاندووە
و
پەیمان دەدەن
بە پێشەوا
ئەم جارە
٤٠ میلیون مۆم دابگیرسینین و
کوردستان بکەنە وڵات
کوردستان بکەنە وڵات.

شێرکۆ بێکەس

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* No:743 4 Feb. 2019

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


